کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
کتێبی زنجیرە (٢٣٤)

# رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا

خورشید ڕەشید ئەحمەد

١٠٠٤
٨٠٠

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
کتێبی زنجیرە ( ٢٣٤ )

# ڕێبازی رۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا

...شتی سلێمانی
٨٤٢٦
٧٩٩
٨٠

خورشید رشید

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
زنجیرە ..........................
ژمارەی پۆلێن /
رۆژی / / ٢٠٠

بەغدا – ١٩٨٩

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
نجبره: ٨٤٢٦
ژماره: ٧٩٩
پۆل:

## - پێشەکی -

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا پیشانی بدەم لە دوو تۆی ئەم کتێبەدا ، ڕێبازی ڕۆمانتیکی یە لە ئەدەبی کوردیدا ، کە لەو سەردەمەدا پێی دەوترا ( شیعری تازە ) ، لێکولینەوە لە بابەتێکی وایش وا نەبێت شتێکی زۆر ئاسان بێت ، بەلکو هەولدانو گەران بەدوای سەرچاوەو خۆماندو بوونێکی باشی دەوێت ، چونکە لێکۆلینەوەیەکی وەها پێویستی بەهێعنیو لەسەر خۆییو شارەزایی دەوێت ، لە قۆناغە ئەدەبی یەکانی پێش ئەم ڕێبازە ئەدەبی یە نویێ یە ، هۆی سەرهەلدانی ئەم ڕێبازە هەروەها گەرانەوە بۆ سەرچاوەو بنەماکانی باری ئەوسای میللەتی کورد کە لە چی دۆخێکدا ژیاوە ، تا ج رادەیەك - یارمەتی شاعیرو نووسەرانی داوە بۆ هاتنە ناوەوەی ئەم ڕێبازە نویێ یە • ئەم کتێبە دەتوانم بلێم بۆ بەکەم جارە کە - بەشێوەیەکی وا فراوان وەلەشێوەی کتێبێکدا تەرخان کرابێت بۆ لێکولینەوەلەم ڕێبازە ئەدەبی یە نویێ یە لەئەدەبی کوردیدا • نالێم تا ئێستا باس لەم ڕێبازە ئەدەبی یە نەکراوە ، بەلام - بەشێوەیەکی لاوەکی لێی دواون وەك ئەو باسانەی کە نووسەرانی کورد کردوویانە دەربارەی هەندێ لە شاعیرانی سەر بەم قوتابخانە ئەدەبی یە نوێ یە کە گەیشتوونەتە - سەر شیعرە رۆمانتیکی یەکانی یان بەسەر پێیی بەکەوە باسیان لێوە کردووە ، لە شێوەی وتاریش کەمو زۆر باس لەم ڕێبازە کراوە ، ئەمەش شتێکی ئاشکرایە یەك دوو وتاریش مافی ئەواونادات بەم قۆتابخانە ئەدەبی یە ،

بەڵکو پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی فراوان هەیە لە سەری بنووسرێتو هەموو لایەنێکی بەجوانی روون بکرێتەوە بەشێوەیەکی گەش هەموو لایەنێکی ئەم تازەگەرییە پیشان بدرێت چ لە روخسارو ناوەرۆکدا وەچ لە شێوازو زمانی ئەدەبیدا • ئەگەر بەوردی چاوێک بگێرین بەئەدەبی کوردیدا ، دەبینین جگە لەو سامانە فۆلکلۆرییەی هەمانە کە بەکۆنترین سلمانی ئەدەبی دەژمێرێت ، کە بوونی نەتەوەی کوردمان دەسەلمێنێت وەک نەتەوەیەک خاوەن بەهرەو توانایی ئەدەبی • شان بەشانی ئەم کەلەپوورە میللەیە بەرهەمێکی ئەدەبی نووسراوی نایابو نەمریشمان بۆ تۆمار کراوە ، قۆناغی یەکەمی ئەم ئەدەبەش لە سەرەتاوە بەئەدەبی کلاسیکی دەستی پێ کردووە ، کە بەشێک لە ئەدەبی رۆژهەلاتی ئیسلامی پێک هێناوە •

کۆمەڵێک لە کەڵە شاعیرانی کورد لە وێنەی ، جزیریو خانیو نالیو کۆیی جوانترین بەرهەمیان خستووەتە سەر ئەم رێبازە ئەدەبییە وەک سەرچاوەیەکی رۆشنو پڕ تەوژم گیانێکی گەرمیان کردووە بەبەری ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا چ بەشێوەی وردە کاریو چ بەکارهێنانی کۆمەڵێک رەوانبێژی ، ئەدەبی کلاسیکی کوردیان گەیاندووەتە چڵەپەپۆ • بەڵام وەک ئاشکرایە هەر شتێک ماوەیەکی درێژ بخایەنێت ، ئەوە بێ گومان بەدرێژایی سەردەمو بەپێی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی رۆژ بەرۆژ لە لای نەوەی تازە ئەو تامو چێژەی سەردەمی پێشووی نامێنێت ، ئەمیش لە بیستەکاندا لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بەدی دەکرێت • لە سەردەمی نالیدا وەک شاعیرێکی داهێنەرو خاوەن قوتابخانەیەکی نوێی کرمانجی خواروو ، ئەو دەربڕینو

وردەکاریی رەوانبێژییەی بۆ یەکەم جار وەك شاعیرێکی نوێ خواز بەشێوەی کرمانجی خواروو دای رشتووە ، با لە سەردەمی کلاسیکیدا ئەمانە هەبوو بێت وەك لە ئەدەبی عەرەبیو فارسیدا دەبینرێت ، بەلام بۆ نالی شتێکی نوێ بوو ، چونکە ئەم بۆ یەکەم جار بەشێوەی کرمانجی خواروو ئەم شتانەی دەربڕیووە ، بەلام شاعیرانی سەردەمو دوای خۆی کە پەیڕەویان کردووە لە بازنەیەکی لاسایی کردنەوەدا بەرهەمەکەیان سووراوەتەوە ، چونکە هەمان کەرەسەی شیعریان وەرگرتووە دووبارەو سێ بارەیان کردوەتەوە • ئەمیش زۆر جار وەك ئەدەبێکی وشكو وەستاو ئەو تامو چێژەی پێشووی نەدەبەخشی بەخوێنەرو گوێ گر ، بەلام وەك روونە کۆمەڵ مەموو کاتێك پابەندی گۆڕانە ، لە گەل ئەم گۆرانکاریەش‌دا کۆمەلێك شتیش لە گەڵ خۆیدا دەگۆرێت ، لەمانە ئەدەب کەپابەندی گۆڕانەو شان بەشانی کۆمەڵ دەروات لەم گۆرانکایەش‌دا شێوەو ناوەرۆکێکی تازەی ئەدەبی وەردەگرێت • چونکە هەر قوناغو سەردەمێك ئەدەبی تایبەتی خۆی هەیە ، بابەتە ئەدەبییەکەش بەگوێرەی ئەم‌قۆناغە تازەیە هەڵدەبژێرێت ئەمیش دەبێت رەنگدانەوەی ئەو بارە نوێیە بێت کە کۆمەل تیادا دەژێت • ئەگەر بەوردی لە ئەدەبی کوردی بکۆلینەوە ئەوە بێ گومان هەر لە دوای جەنگی یەکەی جیهانیی‌وە هەست بەگۆڕانی باری کۆمەلایەتیو سیاسیو هاتنە ناوەوەی ئەدەبێکی نوێ دەکرێت ، ئەم ئەدەبە تازەش ، رێبازی رۆمانتیکی بوو •

لە بیستەکاندا وەك تەوژمێکی ئەدەبی بەتین سینگی دەنا بەرەو پێشەوە دەیویست ئەدەبی کلاسیکی بۆ یەکجاری بروخێنێت ، کە تا ئەوکاتە وەك گۆمێی مەنگ وەستا بوو ، بەهۆی عەروزو قافیەیو وشەکارییەوە ئەوەنەی دیکە ئالۆزی

کردبوو سەرهەڵدانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی شتێکی کوت‌و پڕ نەبوو بەڵکو بارى گۆڕانی میللەتی کورد لە دوای جەنگی جیهانـی یەکەم ، پەروەردەی کردووەو هێنایەتی‌یە کایەوە وەك دیاردەیەکی مێژوویی خۆی چەسپاندووە بەسەر ئەدەبی کوردیدا ئەم ڕێبازە نوێیەش بەرێگای ئەدەبی تورکی‌دا ، شێخ نوری‌و گۆران هێنایانە ناو ئەدەبی کوردی‌یەوە ، بێ‌ئەوەی گوێ بدەنە ئەو هێرشانەی کـە لە لایـەن بەرەی ئەدەبـی کلاسیکی‌یـەوە دەکرایە سەریان ، لە باسی بیرە مێردا زۆر جار نووسەرو ڕەخنەگران ئەو هەوڵ‌و تەقەلایەی پیرە مێرد داوی‌یە بۆ نوێ کردنەوەی ئەدەبی کـوردی بە جوانی لایان دەرنەکەوتووە،ئەگەرچی‌پیرە مێرد خاوەنی قوتابخانەیەکی ئەـ دەبی نەبوو،بەلام یەکەمین ئەدیبێك بووەکە پێشرەوایەتی ئەم ڕێبازە نوێ‌یەی کردووە ، لە رووی نەتەوەیی‌یەوە، لە زماندا گەڕانەوە بۆ کەلەپوری میللی‌و هەڵگرتنی درۆشمی نووسینی کوردی پەتی ، خۆیی‌و گۆرانی شاعیر بەبـێ وچان بەدوای زاراوەو وشەی کوردی پەتی‌دا وێـڵ بـوون ، زۆر جـار شۆردەبوونەوە بۆ ناو سامان‌و کەلەپوورە میللی‌یەکان،ڕۆژ بەرۆژ هەوڵی پاك کردنەوەی زمانی ئەدەبی‌یان دەدا لـە وشـەو زاراوەی بێگانـە ، بـەم هۆیەشەوە سەر گورشتەو گۆرانـی‌و داستانی میللی بوژایـەوە ، بـووە سەرچاوەیەکی دەولەمەند بۆ شاعیرو نووسەرانی کورد .

ئەم نوێ خوازی‌یە لەو سەردەمەدا ئەگەرچی شێـوەی بورجوازێتـی ئەو سەردەمەی تیادا بـەدی دەکرێـت لە بابـەت‌و تێروانینـی ئافرەتـەوە بەتایبەتی لە شیعرەکانی گۆراندا ، بەلام لەو قۆناغە مێژوویەدا بەچاو بیرو باوەری دەرەبەگایەتی‌و تەماشا کردنی شاعیری کلاسیکی کورد بەرامبـەر بەئافرەت هەنگاوێکی گەورە بوو بۆپێشەوە ، وەك بزوتنـەوەیەکی نـوێ خوازانە لە پاڵ بزوتنەوەی سیاسی ئەو سەردەمـە مامەلەیـان لـە گەڵ

بکەین ، وەك تازە گـەری‌یەك لە زمانو گەرانەوە بـۆ سـەر کێشـی خۆمالـی کـوردی •

ئەم ڕێبازە نوێ‌یە لەو قۆناغەدا ئەگەر چـی بۆ ئەدەب شێـوەو ئوسلوب بـوو لەتازە کردنەوەی روخسارو ناوەرۆکی شیعری دا گەرانەوە بۆ سەر کێشی هێجاو دەربڕینی ناوەرۆکـی تازە بابـەت ، بەلاّم لە هەمـان کات‌دا لە لای شاعیرو رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە مەبەسـتو ئامانجیش بوو ، ناوەرۆكو بیر ی‌راستەقینەی بزوتنەوەی نەتەوایەتـی ئـەوسـای گەالی کوردمان بوو بۆ پاراستنو پێشخستنی زمانو ئەدەبیاتی کوردی •

ئەدەبی کوردی وا نەبێت کەم بەرهەم بێـت لە بابەت شیعـرو ئەدەبیاتەوە بەلکو بەبێ لایەنگیری ، دەتوانم بلێم یەکێکـە لەو نەتەوانەی کە بەرهەمێکی ئەدەبی فراوانی هەیە ، بەتایبەتی لە هونەری شیعـردا ، بەلاّم وەك نەتەوەکانی دراوسێ‌ی ئەو بارە گونجاوەی بۆ نەخولقـاوە تا خزمەتـی زمـانو ئەدەبـەکـەی بکـاتو زانـاو ڕەخنـە سازی بەتوانا پەروەردە بکـاتو ئەدەبەکـەی هـەڵ سەنگێنـنو نرخی تـەواوی ئەدەبی بدەنـێ تـا بێتـە هۆی پوختە کردنی بەرهـەم لەلای شاعیرو نووسەرانی کورد ، کەچی ئەم بارە بۆ ئەدەبی عەرەبیو ئەوروپی لوواوە ، دەستیان بەئەدەبەکەیاندا هێناوە بەجوانـی خزمەتـی هـەموو لقو پۆپکیان کردووە •

ئەم هۆیەش دەگەرێتەوە بۆ باری ناهەمواری ئەوسـای نەتەوەی کوردەکە کەوتبووە ژێر دەستی بێگانەوەو رێ نەندانی بـۆ جولانـەوەی ئەدەبـیو رۆشنبیری بوژاندنەوەی سامانو کەلەپووری میللـیو بـژار کردنی زمانو ئەدەبەکەی لە وشەی بێگانە ، ئەگینا ئەو قۆناغە ئەدەبییانەی کە ئەدەبی جیهان پێدا رۆیشتووە ئەدەبی کوردیش پیێ‌دا تێپەریـوە ،

بەڵام وەك گوتم نەبوونی بارێکی گونجاو ئەم لایەنە فەرامۆش کراوە لە ئەدەبی کوردیدا •

هەروەها قوتابخانە ئەدەبی یەکان تێکەڵ بە یەکتری کراون ، هەر ئەم بارە ناقۆڵایە بووەتە هۆی سەرگەردانی شاعیرانی ئەو سەردەمە بەهەرسێ قوتابخانە ئەدەبی کاندا تێپەڕیون ( کلاسێك ، ڕۆمانتیك ، ریالیزم ) بۆ ماوەیەکیش کێشەی پەیڕەوی ئەدەبی بووە لە نێوانیاندا ، بۆیە دەبینین لە سەردەمی ئەدەبی ڕۆمانتیکیشدا شیعریان لەسەر پەیڕەوی ئەدەبی کلاسیکی داناوە ، تا وردە وردە ئەدەبی کلاسیکی ڕێگای چۆڵ کردووە بۆ ئەم ڕێبازە نوێیە •

لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا کێشەی نێوان ئەدەبی ڕۆمانتیك و ریالیزمی بوو ، بەسەرکەوتنی ئەدەبی ریالیزم ، کۆتایی بەم ڕێبازە ئەدەبی یە هاتووە ، شاعیرو نووسەرانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی وردە وردەبەرەو ئەدەبی ریالیزم هەنگاویان ناوە •

لەبەر ئەوە بەپێویستم زانی بابەتێکی وەها وەك ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا بگرم بەدەستەوە ، بەپێی توانای خۆم لێی بکۆڵمەوە با ئەدەبی کوردیش هەر وەك ئەدەبی جیهان هیچ نەبێت کتێبێك دەربارەی ڕێبازێك لە ڕێبازەکانی ئەدەبی بنووسرێت • لە باسی ئەم قوتابخانە ئەدەبی یەدا کە ڕۆمانتیکی یە شاعیرانی ئەدەبی کوردمان لە بیستەکانەوە پەیڕەوییان کردووە ، کەچی ناتوانین شاعیرانی سەر بەم قوتابخانەیە وەك شاعیرو نوێنەری سەر بەئەدەبی ڕۆمانتیکی بدەینە قەڵەم ، ئەمیش بەهۆی تێپەڕ بوونیان بەهەرسێ قوتابخانە ئەدەبی یەکاندا پەیڕەوی هەر سێکیان کردووە لە شیعرەکانیاندا ، هەر لەبەر ئەمەش لە هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازە ئەوەبی یەدا هەستم بەوە کرد بوو کە لە

جیاکردنەوەی بەشە رۆمانتیکی‌یەکانیاندا تووشی ماندوو بوون دەبم بەلام بەهۆی ئەوسەرچاوانەی لەبەر دەستمدا بوون ئەم گیرو گرفتەی لە رێگام لابرد . لەم لێکۆلینەوەیەمدا کە بۆماوەیەکە هەوڵی لە گەل دەدەم بەپێی توانای خۆمو پشت بەهەندێ سەرچاوە ، تا رادەیەك تیادا سەرکەوتووم ، بەپێی بۆ چوونی خۆمو سەرچاوەکان لە کۆمەڵێك شاعیری سە بەم رێبازە ئەدەبی‌یە کۆلامەتەوە ئەمیش شتێکی روونە رەنگە هیچ بەرهەمێك بەبێ کەمو کوڕی نەبێت بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە شتێکی نوێ بێت بۆ یەکەم جار بەشێوەی کتێبێك لە سەری لێکولینەوە بکرێت وەك ئەمەی کە لەبەردەستان دایە . ئەو ڕاستی‌یەش هەیە ئەگەر بێتو نووسەر لە رەخنە بسەڵمێتەوە ، ئەوە هیچ کاتێك شتی بۆ ناوترێت هەروەها بەدەستی لەرزۆکەوە قەڵەمی بۆ ناگیرێت ، بەپێچەوانەوە نووسەر دەبێت‌دەروونی گەورە بێت بۆ ڕەخنەو راستە کردنەوەی هەڵەکانی ، بەمەرجێ رەخنە گرتنەکە لە سەر شێویەکی زانستانە بێت‌و مەبەستی رەخنە گر یاریدەدانی نووسەرەکە بێت لە دەست نیشان کردنی هەڵەکانی ، نەك شێوەی نووشتەر وەشاندن بێت‌و بەمەبەستی کەم کردنەوە لە بەرهەمو توانای نووسەر ئەم کتێبە بەناوی رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ، کۆمەڵێك باسی ئەدەبی تیادا کۆبووەتەوە . بەشی یەکەمی تەرخان کراوە بۆ سەرەتابەکی تیۆری لە ئەدەبی ئەورووپی‌دا ، هۆی پەیدا بوونی‌و سەرهەڵدانی ئەم رێبازە ئەدەبی‌یە لە شیعرو جیرۆكو شانۆگەری‌یەکانی ئەدەبی ئەورووپی بەکورتی هەندێ لایەنی ئەم رێبازەم پیشان داوە مەبەستیشم لەم سەرەتایە کورتە دەربارەی ئەدەبی رۆمانتیکی ئەورووپی ئەوە بوو یەکسەر بەچاو نوقاندنێك خوێنەری کورد نەخەمە بەرامبەر

ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردی‌یەوە ، هەر نەبێت بەلایەنی کەمەوە با سەرەتایەکی کورت بزانێت دەربارەی ئەم ڕێبازە ئەدەبی‌یە ، کە چۆن وەك ڕێبازێکی گەورەو مەزن دەورێکی بالآی بینیووە لە ئەدەبی ئەوروپی‌دا ، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندەها ڕێبازی ئەدەبی دیکە لە پاش خۆی ، لەپاشاندا شتێکم ڕوون کردووەتەوە دەربارەی ئەدەبی ڕۆمانتیکی تورکی کە یەکەم سەرچاوە بووە بۆ ئەدەبی ڕۆمانتیکی کوردی لەو سەردەمەدا ، لە باسی ئەدەبی ڕۆمانتیکی کوردیدا سەرەتایەکی مێژوویم باس کردووە دەربارەی باری کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی ئەو سەردەمەی کوردمان ، ئەمیش بۆ ڕوون کردنەوەو ، سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە ئەدەبی‌یە ، هەر لە باسی ڕێبازی ڕۆمانتیکدا باسەکە ناچاری کردم هەندێ لە ئەدەبی شێوەی ( گۆران ) بدوێم کە شاعیرانی ناوچەی گۆران لەم لایەنەدا پەیرەوی شیعری کلاسیکیان نەکردووە ، شیعرەکانییان لە سەر کێشی عەروزی عەرەبی دانەناوە ئەدەبەکەیان لەم لایەنەوە بەئەدەبێکی نوێ دەژمێرێت ، نمونەی ئەم ئەدەبەش شاعیری مەزنی کورد ( مەولەوی )یە ، کە هەر لە سەرەتاوە بەکێشی هیجای دە بڕگەیی شیعرەکانی داناوە . مەولەوی لە ناوچەی (تاوە گۆز )دا[١] لە وەسفی جوانی‌و سروشتی ناوچەی هەوراماندا شۆڕشێکی ڕۆمانتیکی بەرپا کردووە بێ ئەوەی ئاگای لەم ڕێبازە ئەدەبی‌یە هەبێت لە ئەوروپادا .

هەورەها پێش ئەوەی بچمە سەر باسی شاعیرانی ئەم ریبازە ئەدەبی‌یە بەراوردێکم کردووە لە نێوان ئەدەبی کلاسیکی‌و ڕۆمانتیکی‌دا جۆری جیاوازییانم دەرخستووە لە شێوەی، روخسارو ناوەرۆکدا ،

---

(١) جێگای لە دایك بوونی ( مەولەوی )یە .

بەپێی توانا نمونەی شیعرم بۆیان هێناوەتەوە هەروەها دەربارەی زمانی ئەدەبی هەردوو ڕێبازەکە دوواوین ، دوای ئەمە هاتوومەتە سەر لێکۆڵینەوەی لایەنی ڕۆمانتیکی لە بەرهەمی شاعیرانی سەر بەم ڕێبارە ئەدەبیە ئەم شاعیرانەش بریتین لە (پیرە مێرد ، گۆران ، دڵدار ، هەردی ، بەختیار زێوەر ) لە باس کردنی هەندێکیاندا زیاتر ئەم لایەنەمان ڕوون کردووەتەوە ڕۆشناییمان خستووەتە سەری ئەمیش بەهۆی زۆری سەرچاوە دەربارەیان لەمانە وەك گۆران لە وێنەی شاعیرێکی خاوەن ئەم ڕێبازە ئەدەبیە نوێیە کە شۆرشێکی نوێی بەرپا کرد لە دنیای ئەدەبی کوردیدا ، خاوەنی دڵێکی تەڕو سەرچاوەیەکی نەبڕاوی سروشتو جوانی ئافرەت ، شیعری ڕۆمانتیکی کوردی گەیاندەچلە پەپۆ .

هەندێکیانیش تەنها لە دیوانەکەی ەولاوە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەم بەرچاو نەکەوت تا یەیاریدەیانەوە ، زیاتر بچمەناو لێکۆڵینەوەی لایەنێکی زۆری بەرهەمەکەیان ڕوون بکەمەوە .

دوا بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی چیرۆکی کوردیە .

لە چیروکی کوردیشدا لایەنی ڕۆمانتیکی یەکەیمباس کردووە بەتایبەتی لەباسی خۆشەوستیو ئەڤینداریتی ئافرەتدا ، کە زیاتر لایەنی ڕۆمانتیکی بەزەقی پێوە دیارە ، کەمو زۆر هەوڵو تەقەلایەکم داوە لەم مەیدانەدا بۆ هاتنە کایەی ئەم کتێبە ، هیوا دارم جێگای ڕەزامەندی خوێنەرو ئەدەب دۆستی کوردمان بێت .

خورشيد رشيد احمد

١٩٨٢

وەك لە بەشی یەكەمی ئەم كتێبەدا باسمان كرد باری گۆڕانی مێژووی كۆمەڵایەتی وای كردووە ، كە ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەورووپا سەرهەڵدات ، بەتایبەتی لە ئەدەبی فەرەنسی ، ئەمیش بەهۆی پەیدا بوونی چینی بورجوازیو خەبات كردنی دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی سەدەكانی ناوەراست . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانكاری باری كۆمەلایەتیو ئابووریو سیاسی ئەو سەردەمە ، ئەم گۆڕانكارییەش وەك دیاردەیەكی مێژووی ئەم ڕێبازە نوێیەی لە گەل خۆیدا هێنانە كایەوە . هەر ئەم ڕێبازەئەدەبییە نوێیە لە سەرەتایی سەدەی بیستەمدا ، لە ڕۆژ هەلاتی ناوەراستدا ، بەتایبەتی لە ئیمپراتۆریتی عوسمانلیدا پەیدا بووە ، بەهۆی سەرهەڵدانی چینێكی بورجوازی لە كۆمەڵگای دەولەتی عوسمانلیدا . ئەمانیش هەر وەك چینی بورجوازی ئەورووپی هەوڵو تێكۆشانیان بۆ نەهێشتنی ڕژێمی كۆنی عوسمانلی ئەو سەردەمە بوو ، لە هەمان كاتیشدا هەوڵو خەباتی گەلانی ڕۆژهەلات بۆ بەدەست هێنانی مافی سەر بەخۆییان هۆیەكی دیكە بوو بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازەئەدەبییە نوێیە .

ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە نوێیە لە دەولەتی عوسمانانیدا ئەنجامێكی راستەقینەی چینی پێشكەوتوو خوازی توركی بوو ، چونكە ئەم چینەش وەك چینی بورجوازی ئەورووپی هەستیان بەبەشخوراویو دونكەوتنی چینەكەیان كرد بوو ، دەیانویست بگەن بەمافی رەوای خۆیان ، وەك چینێكی سەربەخۆ دەوری خۆیان بگێرن لە كۆمەڵدا ، لە پاش رووخاندنی ئیمراتۆریتی عوسمانلی لە جەنگی جیهانی یەكەمدا ، ئەم چینە زیاتر پەریان سەندو وردە وردە بەشداریان دەكرد لە دامو دەزگای دەولەتدا بەهەموو

توانایەکیانەوە هەولی پێشکەوتنی چینەکەیان دەدا •

جەنگی جیهانی یەکەم بووە هۆی گۆڕانکاری‌یەکی بنەڕەتی لە کێشوەری عوسمانلی‌دا ،لە بارەی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌یەوە ، ڕۆژ بەڕۆژدەولەتی تورکیای تازە بەرەو لایەنی عیلمانی دەرۆیشت ، لە کارو باری دەولەت‌دا هەنگاوی زل زلی دەنا بۆ پێشکەوتنی شارستانێتی ، لەم سەردەمەدا ، دام‌و دەزگاو قوتابخانەکان هەمووی لە سەرپرۆگرامێکی زانیاری تازە دامەزرا بوون • ئا لە گەل ئەم گۆڕانکاری‌یەدا لایەنی ئەدەبیش گۆڕانی بەسەردا هات ،چونکە ئەدەب ئاوێنەی ژیانی کۆمەلەو شان بەشانی دەروات ، وەك دیاردەیەکی مێژوویی باری ژیانی کۆمەلەکەی تیادا دەردەکەوێت ، هەر سەردەمێکیش بەپێی ئەو گۆڕانکاری‌یەی بەرپای کردووە پێویستی بە جۆرە ئەدەبێك هەیە کە بگونجێت لە گەل بیرو ئایدلۆجێتی‌و پلەی شارستانێی ئەو سەدە نوێ‌یەی کە کۆمەل تیادا دەژێت ، ئەوەبوو لەم سەدە نوێ‌یەدا کۆمەلێك شاعیرو نووسەری بورجوازی سەریان هەلدابوو هەندێکیان لە سەرچاوەی ئەدەبی نوێ‌ی فەرەنسی ئاوی ڕۆشنبیرێتی خوارد بووە تەوەژێکی گەرمی بەتینی دابووە لەشی‌و بەشادەمارەکانی‌دا هاتوو چۆی دەکرد ، ئەم کۆمەلە نوێ خوازە لە سەردەمێك‌دا سەریان‌هەلدابوو کە هەموو شتێك سینگی بۆ پێشەوە دەنا بەرەو شارستانێتی‌و نوێ خوازی • ئەم کۆمەلە شاعیرو ڕۆشنبیرانە بەتەواوەتی بێزاری خۆیان دەربڕی بوو بەرامبەر بەئەدەبی کلاسیکی عوسمانلی ، کە بریتی بوو لە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی عەرەبی ، ئەمیش بەهۆی ئایینی ئیسلامی‌یەوە ئەدەبی تورکی شارەزایی ئەم ئەدەبە ببوو دەستی کردبوو بەلاسایی کردنەوەی ، لە بەکارهێنانی هەندێ مەرج‌و دەستووری ئەدەبی‌ی چەسپاودا وەك عەروز قافیەی

بەكگرتوو بەدرێژایی غەزەل‌و چامەکە، هەروەها وشەکاری‌و هێنانی هەندێ وشەی عەرەبی‌و فارسی تێکەڵاو کردنی لە گەڵ وشە تورکی‌یەکاندا ئەمیش بۆ بەهاکردنی روخساری شیعرەکەیان بوو •

ئەوەبوو لە ئەنجامدا شاعیرو نووسەرانی ، وەك : جەلال ساهیرو ، تۆفیق فیکرەت )و هەندێ شاعیرو نووسەرانی دیکـە توانیبیان ئەم ئەدەبە کلاسیکی‌یە سواوە تازە بکەنەوە ، چ لـە فـورم وەچ لـە ناوەرۆکدا ئەمیش بەهۆی پەیرو کردنی رێبـازی ئەدەبی رۆمانتیکـی‌یەوە بـوو کـە لەو سەردەمەدا بەم جۆرە ئەدەبە نوێ‌یە دەوترا: (ئودەبای فجری ئاتی) •

شاعیرو نووسەرانی تورکـــی لە رێگـای ئەدەبـی نـوێی فەرەنسی‌یەوە ئەم رێبازە ئەدەبی‌یە نوێ‌یەیان هێنایە ناو ئەدەبەکەیانـەوە بەشادمانی‌یەوە پێشوازی‌یان لێ‌دەکرد ، رۆژ بەرۆژ لە نەش‌و نماکردندا بوو رێگای بەئەدەبی کلاسیکی تەنگ کرد بوو ، شاعیرو نوورسـەرانی ئەم رێبازە نوێ‌یە بێ‌وچان هەوڵیان دەدا بەیەکجـاری دوور بکـەونەوە لە ئەدەبی کلاسیکی کۆن ، کە بەئەدەبێکـی کۆنـی سواویان دەدایـە قەلەم • شاعیرو نووسەرانی نوێ خوازی تورکی هەر بەمەوە نـەوەستان بەڵکو ، دەهاتن وەزنی (سیلاب)ی خۆماڵییانیش وەردەگرت ، کە وەزنی ئەدەبی فۆلکلورییان بوو ، هەر لەم سەدەیەدا پێشکەوتنێکـی فـراوان کەوتووبووە ناو شاعیرو رۆشنبیرانی تورکەوە دەستیان کرد بوو بەلاسایی کردنەوەی ئەدەبی ئەوروپـی لە ژێر ناوی ( ئەدەبی ـ تازە)دا هەتا دەهات وەزنی عەروزی عەرەبی جێگای چۆڵ دەکرد بۆ کێشی پەنجە (هیجـا) کە کێشی خۆماڵی تورکی بوو •

لەم سەردەمەدا ئەدەبی کلاسیکی سەر بەدیوەخـانو کۆشـك‌و سەرداکان تا دەهات زیاتر سەریان تیادا دەچوو،ئەم رێبازە نوێ‌یە جێگایانی

دەگرتەوە تا دەهات جەماوەری لە زیاد بووندا بوو •

زمانی تورکی نوێ بوو بەزمانی ئەدەبی ئەم ڕێبازە نوێیە شوێن زمانی ئەدەبی کلاسیکی کۆنی عوسمانلی گرتەوە ، کە بریتی بوو لە زمانە ئەدەبی‌یەك تێکەڵ بەوشەی عەرەبی‌و فارسی ، کە لە سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم زمانی ئەدەبی عوسمانلی بوو ئەمیش لاسایی کردنەوەی ئەدەبی عەرەبی بوو ، بەهۆی ئایینی ئیسلامی‌یەوە، چونکە عوسمانائی‌یەکان لە سەدەکانی ناوەراستدا ئەدەبێکی‌وایان نەبوو پشتی پێ ببەستن ناچار بوونە لاسایی ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی بکەنەوە• کۆمەڵێك شاعیری تورکی سەر بەم قوتابخانە ئەدەبی‌یە نوێیە دەستیان کرد بوو بەدانانی شیعرەکانیان لە سەر کێشی (هیجا) بەمە زیاتر هانی شاعیرو نووسەرانی دیکەیان دەدا بۆ بە کارهێنانی ئەم کێشە خۆماڵی‌یە تورکی‌یە کەزیاتر لە گەڵ خەسائیسی زمانی تورکی‌دا دەگونجا • لەم شاعیرانە : ( فاروق نافذ ، صالح زکی ) کە بەشێوەیەکی سووکی بێ گرێ شیعرەکانیان دادەنا ، هەر لەناو ئەمانەدا کۆمەڵێك شاعیری دیکە پەیدا ببوون دەستیان کرد بوو بەنووسینی شیعری (ڕوانگە) لەمانە (ئۆرخان وەلی ) بوو کۆمەڵێکی دیکەی شاعیری بورجوازی تورك لاسایی ئەدەبی نوێی فەرەنسیان دەکرد کە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بوو کە لە سەرەتاوە باسمان کرد ، ئەمیش لە سنووری [1] (١٩٠١ــ١٩٠٨) دا دەستی پێ کردووە بەم ئەدەبەش دەوترا ( قوتابخانەی سامانی هونەری ) کە بەناو گۆڤارەکەیانەو ناو ــ نرابوو کە گۆڤاری سامانی هونەری بوو ، ئەوە بوو بەفرمانی سلطانی عوسمانلی گۆڤارەکەیان داخرا ، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی مشروریێتو جارێکی دیکە ئەم گۆڤارە دەستی بەدەرچوون

کردووه بەهەمان ناوی پێشووی •

ئەم کۆمەڵە گەنجە ڕۆشنبیرانـــەی تورك ، کـە گۆڤارەکـەیان دەردەهێنا ناو کۆمەلەکەیان نابوو ، کۆمەڵی (ئودەبای فەجری ئاتی) سەر ئامەدانی ئەم کۆمەڵە ئەدەبی‌یەش جەلاڵ ساهیر بوو ، هەروەها ( ئەحمەد هاشم ، تەحسین ناهد ، فوئاد کوپرلو ، یەعقوب قەدریش ) ســەر بەم کۆمەڵە بوون ، ئەگەر چی ئەم کۆمەڵە ماوەیەکـی زۆریان نەخایاند لـە ئەدەبی نوێی تورکی‌دا بەڵام لەو ماوە کورەدا توانیان ئەدەبی تـورکی بەرەو ڕێبازی نوێ بەرن رزگاری بکەن لە ئەدەبی کۆنی عوسمانلـی چ لە فۆرم‌و وەچ لە ناوەرۆکدا ، ئەم شاعیرو نووسەرانە بەشێوازێکـی سووك‌و رەوان دەیان نووسی ، زۆر جاریش شۆردەبوونـەوە بـۆ نـاو فۆلکلۆرو گۆرانی‌یە تورکی‌یەکان وشـەی رەسەنـــی خۆماڵی‌یان دەدۆزی‌یەوە دەیانخستە شوێن وشە ناتورکـی‌یەکان ، ئەو کێشـە سووکانەیان بەکار دەهێنا کـە لە ئەدەبی فۆلکلـۆردا بەکار هێنرابوو ، بەتایبەتی کێشی گۆرانی‌یە تورکی‌یەکان لەو سەردەمە هـەر شاعیرو نووسەرێك شێوازێکی تایبەتی بۆ خۆی هەڵبژارد بوو وەك : عبدالحق حامد ، کە دەستی کرد بوو بەدانانی شیعـری فەلسـەفی لـە دوای‌دا بەدەستی (توفیق فیکرەت) پەرەی سەنـــدووە ، لەم ماوەیەدا ( نازم حیکمەت ) لە سۆڤێت گەرایەوە دوای تەواو کردنی زانستی ئابووری لەو ماوەیەدا بەهۆی نیزك بوونەوەی لە کۆری ئەدەبی‌و نووسـەرانەوە فێری تەکنیکی تازە ببوو لە شیعردا ، ئەمیش بەهۆی کارتێکردنی ــ بـودلێرو ماپاکوفسکی‌یەوە ، نازم حیکمەت لە شیعرەکانی‌دا زیاتر پشتی بەکێشی هیجا دەبەست زیاتر بەلای شیعری نیشتمانی‌دا دەرۆیشت ، دەیویست لە ڕێگای شیعرەکانی‌یەوە گیرو گرفتی چینی چەوساوەی کۆمەڵی تورکـی بخاتـە

روو ، ئەمیش بەهێرش بردنە سەر رژێمی حوکومەتی تورکی ئەو سەردەمە ، بۆیە هەردەم بەشی گرتن‌و ئێش‌و ئازاردان بووە لە پێناوی داواکردنی مافی چینە هەژارەکانی تورکی بوو کە پێ شێل کرابوو لە لایەن حوکومەتی تورکی‌یەوە .

ئەم بزوتنەوە نوێ خوازی‌یەی ئەدەبی بورجوازی تورکی بەهیچ جۆرێك باوشی بۆ بزوتنەوەی ئەدەبی نوێ‌ی کوردی نەگرتبووە هیچ کاتێکیش بەپیری ئاوات‌و هیوای بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردا نەدەهات ، بەلام ئەو بارە ئالۆزەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردمان نەبووەتە کۆسپ‌و تەگەرەیەك لە رێگای شاعیرو رۆشنبیرانی کورد بۆ ئەوەی سوور لەوسەرچاوە ئەدەبی‌یە نوێ‌یەی تورك وەرنەگرن ، چونکە کۆمەڵێك لە شاعیرو رۆشنبیرانی کورد بەتەواوەتی زمانی تورکییان زانیوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە شارە گەورەکانی تورکیادا بۆ ماوەیەك مابوونەوە . لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم چینی بورجوازی کورد لە دروست بووندا بوو ، بیرو باوەری ئەم چینەبووە هۆی گۆرینی ئایدلۆجینی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، کە بەگژی پاشماوەی پەیوەندی خێلایەتی‌دا دەچوون، تەماشای نەتەوەی کوردیان دەکرد ، وەك نەتەوەیەك کە هەموو رەگەزی نەتەوایەتی تیادا کۆبووەتەوە ، بەتایبەتی دانیشتووانی شارەکان بزوتنەوەیەکی سیاسی‌و کۆمەلایەتی رۆشنبیری بەنرخیان دیبوو لەم مەیدانەدا ، ئەوە بوو لەم ماوەیەدادەست کرا بەخوێندن بەزمانی کوردی لەقوتابخانە سەرەتایی‌یەکان لە هەندێ لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی لەشاری سلێمانی کە هۆیەکی سیاسی ئەم بارەی بۆ خولقاند بوو. کە لە ناخۆشترین باری سیاسی‌دا خوێندن بە زمانی کوردی لەوێ بەردەوام بێت ، هەروەها دەرچوونی کۆمەلێك گۆڤارو رۆژنامەی کوردی

لەوسەردەمەدا ھـانـدەرێكـى باش بوو بۆ شاعیرو نووسەران بـۆ تازە كردنەوەی ئەدەبی كوردی •

ئەم بزوتنەوە ئەدەبیو رۆشنبیری‌یە لەو سەردەمەدا كـوردەكـانی سوریاو لوبنانیشی گرتەوە ، ئەوە بوو بەرەی بەدرخانی‌یەكـان دەستیـان كرد بەدەركردنی هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤاری كـوردی وەك : ( ئەستێر ، روناهیو هاوار ) ئەمانیش لە لای خۆیانـەوە دەستیـان كـرد بەنـوێ كردنەوەی ئەدەبی كلاسیكی كوردی ، ( جگەر خوێنو قەدری جان ) شیعرەكانیان لەسەر كێشی پەنجە دادەنا •

ئەم بزوتنەوە ئەدەبی‌یە ، بەتایبەتی شیعری ئەو سەردەمی كـورد ، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانكاری‌یە بوو كە لە دوای جەنگـی جیهانی یـەكەم بەرپا ببوو • چونكە روناك بیری هەر نەتەوەیـەك رەنگـدانەوەی بـاری ئابووریو كۆمەلایەتیو سیاسی‌یەتی ، ئەمـانەش وەك شتێكی دینامیكـی هەمیشە لە گۆڕان دان • لە كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەمدا گۆڕانێكـی گشتی لە جیهاندا رووی دا ، پەیوەندی نێوان دەولەتەكان گۆڕا ، لە ڕۆژ هەلاتی ناوەراست دا وەك باسمـان كرد راپەرینی تازەی نەتـەوایەتـی توركەكانو باری ئەدەبی سەردەمیان لـە ژێر زەبـری ڕۆژ ئاوا دا لـە بزوتنەوە دا بوو •

باری سیاسیو كۆمەلایەتی ئەو سەردەمەی كـوردیش لـە سـایەی راپەرینەكەی‌شێخ مەحموود دژی ئینگلیزەكانو توركەكان لـە هـەمان كاتدا تەوەژمێكی رۆشنبیریو ئەدەبیشی لـە گەل خـوێدا هێنا بووە كایەوە ئەو تەوەژمە رۆشنبیری‌یە وای لە شاعیرو نووسەرانی كوردستانی عیراق كرد بوو ، كە هەر یەكەیان لە راستی خۆیەوە خاوەن سەرمایەكـی ئەدەبی بەهێز بێت ، تاسەو تامەزرۆی بەهرەی هونەریـان بەو شیعـرە

کلاسیکی‌یەی ئەو سەردەمە نەدەشکا ، تینوی شێوەو ناوەرۆکێکی ئەدەبی سەردەم بوون ، ئەوە بوو لە ئەنجامدا کۆمەڵێك شاعیرو رۆشنبیری بەهرەدار کەوتنە خولیا سەری ئەوەی کە بین بنێن بەسەرچاوەی ئەدەبی نویێی تورکەکانەوە هەر شاعیرێکیش بەپێی بەهرەو شارەزایی وپلەی رۆشنبیری خۆی کەوتە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی ، لەهەنگاوی یەکەمدا ئەدەبەکەیان بریتی بوو لەلاسایی کردنەوەی شیعری رۆمانتیکی تورکی ، نوری شێخ سالح ، یەکەم نوێنەرو پێشرەوی ئەم رێبازە ئەدەبی‌یە نوێ‌یە بوو ئەمێش بەهۆی ئەوەی کە لە گەڵ ژیانی رۆژنامەگەری ئەو سەردەمەی کوردی‌دا پەیوەندی راستەو خۆی هەبوو ئەمەش ئاو هەوا ئەدەبی‌بەکەی ساز گارتر کرد بوو بۆ بلاوکردنەوەی شیعرەکانی .

هەنگاوی یەکەمی گۆڕینو بەرەو پێشەوە چوونی بەرەو لایەنی شیعری رۆمانتیکی تورکی ، زیاتر دەدرێتە پاڵ ئەو هەوڵو تەقەلا ئەدەبی‌یەی ئەو سەردەمەی شێخ نوری شێخ سالخ .

ئەم کۆمەڵە شاعیرو رۆشنبیرانەی ئەم سەردەمەتوانیان لە ژێر زەبری شیعری رۆمانتیکی تورکیدا چەند تەوەژمێکی تازەگەری لە رووی کێشو دەربڕینو هەتنو بیریو وشەی کوردی‌یەوە بەدەمارە ساردەکانی شیعری کوردیدا بکەن .

نێوانی سالەکانی ( ١٩٢٠ ــ ١٩٣٠ ) ماوەی تاقی کردنەوەی ئەم رێبازە ئەدەبی‌یە نوێ‌یە بوو لە شیعری کوردیدا ، لە سەرەتاوە کێشی ئەم شیعرە نوێیانە هەر کێش عەروزی عەرەبی بوو بەلام زیاتر زخاف (علل)یان وەردەگرت لە شێوەی مەجزوئیات بەکاریان دەهێنا . لێرەدا باشتر وایە دەربارەی ئەم رێبازە ئەدەبی‌یە نوێ‌یە وتەکەی شاعیرو پێشەوای ئەم رێبازە ئەدەبی‌یە نوێ‌یە کە مامۆستا گۆرانە تۆمار ــ بکەین کە لە سالی

١٩٦٣دا كە نەخۆشی ناو جێگا بوو کاك عبدالرزاق بیمار لە گفتو گۆیەك دا هەندێ زانیاری لە دەمی گۆرانەوە دەربارەی ئەم تازە کردنەوەیە لە لای خۆی تۆمار کردووە ، وەلە ژماری (٢)ی بەیانی ١٩٧٠[١]) دا بلاوی کردووەتەوە ، ئەمەش دەقی ئەو وتارەیە :

(نووسەرو شاعیرانی ئەوسا ، بەتایبەتی شێخ نوری‌و رەشید نەجیب‌و من ، کە پێکەوە بەئەدەبی تورکی متأسر بووین پێکەوە ئەمان نووسی ، بەلام تەنها شێخ نوری شیعرەکانی بلاوکردەوە من بلاوم نەئەکردەوە ئەو لەم بارەیەوە نشاطی دەرئەکەوت •

ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیادا پەیدا ببوو کە پێی ئەوترا ، (أنودەیای فەجری ئاتی) لەوانە (توفیق فیکرەت جەلال ساهیر) بوون •••• وەئەدیبێکی تری ترك کە (عبدالحق حامدە ) ئەگەر چی لەم کۆمەڵە نەبوو ، بەلام دیسان هەر پێی متأسر بووین کە وابێ هەمووومان بەیەکەوە ئەمان روانی‌یە یەك کلاو رۆژنە ، بەلام ئەتوانرێ بەشێخ نوری بووترێ سەرۆك بەهۆی : ١ ) زۆری بەرهەمی ٢ ـ بلاو ـ کردنەوەی بەرهەمەکەی کە بێ گومان تەئسیری ئەبەخشی‌یە ئەدەبی کوردی ) • هەروەها لە بابەت تازە کردنەوەش‌دا گۆران دەڵێت:

(١ ـ یەکێتی بابەت (وحدة موضوع ) یان هێنایەکایەوە •

٢ ـ تەرتیبی قافیەکان گۆڕان، ٣ ـ ئەگەر چی شیعر هەر لە سەر

(١ ـ یەکێتی بابەت ( وحدة موضوع ) یان هێنایە کایەوە •

٢ ـ تەرتیبی قافیەکان گۆڕان، ٣ـ ئەگەر چی شیعر هەر لە سەر
عەروزی عەرەبی هۆنراوەتەوە لەم سەردەمەدا،بەلام مەجزوئیاتی عەروزیان وەرئەگرت • ئەو بەحرانەی کە زۆر بەکار نەئەهێنران لە لای شاعیرە

کۆنەکان بۆ وێنە نالیو سالمو هاوریَ‌یەکانی زیاتر بەحری ( هزجو رەمل ) یان بەکار هێناوە ، بەلام ئەمانە لە بەخری سریعو خفیف لە هزج مجزوئیاتیان وەرئەگرتو زیاتری ( زواحفو علل )یان بەکار ئەهێنا . ئەم تازە کردنەوە بە (تەقلید) کردنی ئەدەبی تورك روویدا ، ئیتر من تەنها بەکۆششی ئەوانەوە نەوەستام وەزنی هیجاشم وەرگرتو بەکارهێنا )[1] وەك خۆی لە سەرەتایی دیوانی بەهەشتو یادگارو فرمێسكو هونەرەکەیدا دەلێت :

( شیعرە تازەکان بەوەزنی پەنجە ( هیجا ) هەلیەستراون ، کە هەر چەند شیعر دۆستانی کۆن بەخوێندنەوەی رانەهاتوون بەلام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوایەتیمانە وە لە گەل خصائصی زمانەکەمان زیاتر ریَك ئەکەویَ ، بەپێویستم زانی ،لە ماوەی تەقەلای ئەدەبیی خۆما رۆژ بەرۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم ، تا لەم چەن سالەی دواییدا وەزنی عروضم بەتەواوی وەلام دایەوە بۆ ئیَکجاری بەرەلامکرد ، مەگەر پێویستیێکی هاندەری تایبەتی رووبدا )[2] . ئەم کۆمەلە شاعیرو رۆشنبیرانەمان بەهەموو سۆزو پەرۆشیێکەوە باوشیان بۆ ئەم رێبازە ئەدەبیە تازەیە گرت بووە بە خوێن گەرمیەوە پەیرەوییان دەکردو شیعری ناوچەی سلێمانییان پێ نویَ دەکردەوە ، لەم کۆری نویَ خوازییەدا وەك گۆران دەلێت : شێخ نوری سەر ئامەدانی ئەم رێبازە نویَ بوو بیَ گومان ئەمیش لە ئەنجامی ئەو هەولو کۆششە ئەدەبیە بیَ وچانە بوو کە

---

(١) گۆڤاری بەیان ژمارە (٢)ی ١٩٧٠ .

(٢) بەهەشتو یادگاروفرمێسكو هونەر ، چاپی دووەم ١٩٧١ چاپخانەی کامەرانی .

شێخ نوری بینویەی لە پێناوی سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە تازەیە چونکە شێخ نوری وەك ئەدیبێکی شۆرشگێرو چاو نەترس بەبێ سەڵمینەوە لە سەر ئەم نوێ خوازی‌یە ڕۆیشتووە بێ ئەوەی گوێ بداتە توانج و پەلاری ئەو خوێنەرو ڕۆشبیرانەی کە تەنها گوێچکەیان بەمۆسیقای ئەدەبی کلاسیکی راهاتبوو ، ئەم ئەدەبە نوێ‌یەیان بەشتێکی ناساز دەهاتە پێش چاویان چونکە لەوەپێش گوێچکەیان بەم جۆرە مۆسیقاو کێش و شێوازو وێنەو دەربڕینە نەزرنگابووە ،بەلایانەوە دەبووایە شیعر هەر لەسەر عەروزو قافیەو وشە کاری و ڕەوانبێژی دابڕێژرێت بەکۆمەڵێك تەشبیهو ئیستعارەو جناس و طباق برازێنرێتەوە لە روخسارێکی قەشەنگ و جواندا خۆی بنوێنێت بەلایانەوە ناوەرۆکی شیعرەکە گرنگ نەبوو ، زیاتر بەلای هونەر بۆ هونەر دا لایان دەکردەوە،ئەمانیش هەر وەك شاعیرو نووسەرانی ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپی نەیان دەویست بەهیچ جۆرێك لەم مەرج و دەستوورانە لابدەن وەك چۆن شاعیری کلاسیکی ئەورووپی نەی دەویست بەهیچ جۆرێك لە لاسایی ئەدەبی یونانی و ڕۆمانی کۆن لابدەن، ئەو تیۆرونانەی ئەرستۆ دای نابوون ببوە سەنگی مەحەك و بەرهەمەکانیان پێ‌ی هەڵدەسەنگان ، سەنگی ئەو بەرهەمانە قورس و بە بەها دەبوون کە بەتەواوی پەیرەوی ئەو یاساو تیۆرونانەی کردووە.

لەمانە وەك شاعیری بەناوبانگ و پێشەوایی ئەدەبی کلاسیکی (بوالو) شانازی بەئەدەبی کلاسیکی‌یەوە دەکرد هەرگیز نەی‌دەویست نەخۆی و نەشاعیرو نووسەرانی دیکە لەم ڕێچەکەیە لابدەن ، بەدرێژایی تەمەنی ئەدەبی کلاسیکی لە گەل شاعیری نوێ خوازی فەرنسی (مالرایمە)دا لە بەربەرەکانی‌دا بوو لە سەر کۆن و تازە لە

ئەدەبدا . ئەم کۆمەڵە شاعیرو ڕۆشنبیر رانەی کوردمان وەك شاعیرو هونەرمەندانی ئەدەبی ئەوروپی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە تەواوەتی وەرسی ببوون لەم ئەدەبە پەیرەوی‌یە ، چونکە لە سەدەی پانزەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتایی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، واتا هەر لە شیعرەکانی مەلای جزیری‌و ئەحمەدی خانی هەروەها قوتابخانەی شیعری نالی‌یەوە بەردەوام بوو . لێرەدا ـ مەبەستمان لە قوتابخانەی نالی ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار وەك قوتابخانەیەکی سەر بەئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵات بەشێوەی کرمانجی خوارو کەبریتی بوو، لە سۆران ، موکریان‌و ئەردەڵان ، سەر هەڵدات وشیعری کلاسیکی پێ بنووسرێت بۆ ماوەیەکی کەم تیشك بهاوێژێت بۆ ناوچە کوردی‌یەکانی دەورو پشتی لە لایەن شاعیرانی ئەم ناوچانەوە پەیرەوی بکرێت ، وەك حاجی قادری کۆیی‌و مەجدی‌و ئەختەرو شێخ رەزایی تاڵەبانی ، ئەمانە هەموویان شاعیری پەیرەوی بوون یەك لە دوای یەك لاسایی ئە قوتابخانە ئەدەبی‌یەیان دەکردەوە هەمان کەرەسەی ئەدەبی شاعیرانی پێش خۆیان وەردەگرد بێ دەست کاری‌تەنها لە شێوەی دەربڕیندا جیاوازی لە نێوانیاندا هەبوو . وەك شتێکی بەدیهی هەر سەدەو چەرخێك جۆرە شاعیرو نووسەرێك دهێنێتە کایەوە کە لە گەل باری ،گۆڕانکاری نوێی گۆمەلگاکەدا بگونجێت ئەمیش وەك دیاردەیەکی مێژوویی خۆی دەچەسپێنێ سەر شاعیرو نووسەری سەدە نوێ‌یەکە ، چونکە هەر سەردەمێك بەپێی گۆڕانی باری ئابووری‌و کۆمەلایەتی دانیشتوانی تایبەتی خۆی هەیە ، دەبێت شاعیرو نووسەرانی ئەم کۆمەڵگایە تازەیە خاوەنی بیرو باوەرو ئایدلۆجیکی تایبەتی هەبێت ، بەچاوی سەدە نوێ‌یەکەوە بڕوانێتە کۆمەڵ ، هەروەها هەندێ بیرو باوەری نوێ لەم

سەدە تازەیە دێتە کایەوە کە لە سەدە پێشووەکـەدا نەبووە ، لەم خالەتەدا پێویستە لەسەر شاعیرو نووسەران جۆرە بابەتو دەربڕینێک وەرگرن کە لە گەل باری ژیانی تازەی کۆمەڵدا بگونجێت ، واناده‌بێت‌ئەدەبەکەیان بکەن بەئاوێنەی ژیانی سەردەمەکەیان تیادا هەڵسو کەوت جۆری ژیانـی تازەی ئەم سەدەیەبەجوانی پیشان بدەن •

نێوانی هەردوو جەنگی جیهانی ماوەی داهێنانو نوێ خوازی بوو لە لایەن شاعیرو هونەرمەندانی کوردەوە بەدوای داهێنانـی نـوێدا دەگەڕان بۆ ئەوەی لە گەل باری کۆمەڵایەتـی ئەوسـای نـەتـەوەی کوردماندا بگونجێت ، چونکەئەو بارو دۆخەی ئەوسای کۆمەلگایـی کوردەواری پێویستی بەجۆرە شاعیرو نووسەرێك بـوو ، کـە دەنگی ئازادی خوازی میللەتی کورد بگەیێنێتە دەنگی ئازادی خوازی نەتەوەکانی جیهـان هەروەها پێویست بوو بەوردی لە گیرو گرفتـی دواکـەوتنی میللەتی کورد بدوێن ، بە تایبەتی کێشەی نەبڕاوەی نێوان چینی جوتیارو دەرەبەگ • ئەگەر چاوێك بخشێنینە بەرهەمی شاعیرو نووسەرانـی ئـەو ماوەیەدا ئەوە بێ گومان ئەو شتانەی ـ باسمان کرد بەشێوەیەکی ورد لە بەرهەمیشاعیرو نووسەراندا ڕەنگی داوەتەوە وەك بابەتێکـی زینـدوو هەڵسو کەوتیان لەگەڵدا کردوە لە زۆر شوێندا بەشێوەیەکـی ریالیزمی رەخنە گرانە مامەلەیان لە گەل باسەکانیـاندا کـردووە ، بەتایبەتـی لە هونەری چیرۆکدا ئەم لایەنە ریالیزمییە بەشێوەیەکـی گەشو ڕوونك تر دەبینرێت ،چونکە چیرۆکی کوردی هەر لە سەر هەڵدانـییەوە تـا ئێستا ناوەرۆکی بابەتەکەی بریتی بووە لە ڕەنگدانەوەی ئازارو ئەشکەنجەو گیرو گرفتی کۆمەلگای ئەو سەردەمەی کورد ئەمیش لە ئەنجامی باری ئالۆزاوی نەتەوەی کوردەوە هاتووە ، کە کەوتبووە ژێر دەستی کۆمەڵێك

ئاغاو دەرەبەگی بێ ویژدانەوە لە خوێنی مژینی جوتیار بەولاوە هیچی دیکەیان نەدەزانی ، ئەم بارەش وای لە شاعیرو نووسەران کردووەکە بەرهەمەکایان رەنگدانەوەی ئەم بارە ناخۆشە بێت بەتایبەتی لە چیرۆکەکانیاندا بەشێوەیەکی ریالیزمی، رەخنە بگرنە دەردوو ئازارەکانی کۆمەڵ بەتەواوەتی شۆربنەوە ناو ئازارو ئەوشکەنجەکانی ئەم کۆمەڵە داکەوتووە ، لە وردە باسی بچووکەوە تا گەورە بە شێوەی جیا جیا وەك ناوەرۆکێکی زیندو مشتوماڵی بکەن لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی سادەو سەرپێی لە پاشاندا لە قاڵبێکی رەخنە گرانەدا • ئەم تازەگەرییەش لەو سەردەمەدا دەبووایە روو بدات چونکە ئەدەبی کلاسیکی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بوو وەك گۆمێکی مەنگ وەستابوو تازە گەری تیادا بەدی نەدەکرا ، هەر بریتی بوو لە لاسایی کردنەوەی شاعیرانی کورد لە ناو خۆیاندا هەمان کەرەسە ئەدەبیە کۆنەکانی شاعیرانی پێش خۆیان دەجوویەوە هەر ئەو کەرەسە ئەدەبیەی نالیو هاورێیەکانی بوون ئەمان بۆ چەند جارێکی دیکە لە شیعرەکانیاندا بەکاریان دەهێنا بەشێوازی تایبەتی خۆیان ، واتا لێرەدا رەگەزو کەرەسە ئەدەبییەکە یەك بوون بەڵام جۆری دەربڕین لە لای هەریەکەیان شێوازی تایبەتی شاعیرەکەی پێوە دیار بوو • ئەم وشك راوەستانەی ئەدەبی کلاسیکی ، وای لە شاعیرو رۆشنبیرانی کورد کردووە کە بەدوای سەرچاوەیەکی ئەدەبی نوێدا بگەرێن بۆ ئەوەی ئەم ئەدەبە سواوەی خۆیان پێ تازە بکەنەوە ، ئەوە بوو لە ئەنجامی هەوڵو تێکۆشانی ئەم شاعیرو ڕۆشبیرانەدا ، رێبازی ڕۆمانتیکییان لە رێگای ئەدەبی تورکییەوە هێنایانە ناو ئەدەبی کوردییەوە ئەدەبی ناوچەی سلێمانیان پێتازە کردەوە لە روخسارو ناوەرۆکدا •

ئەم ڕێبازە ئەدەبی‌یە نوێ‌یە لەو ڕۆژەدا بەشێوەیەکی زۆر ورد هەنگاوی دەنا لە ئەدەبی کوردیدا ، ئەمیش بەهۆی باری ناهەمواری میللەت خۆیەوە بوو ، بەهۆی قەدەغە لێ‌کردنی بلاوکردنەوەی هەموو جۆرە چاپ مەنییکی کوردی‌و ڕێگا نەدانی خوێندن بەزمانی خۆی سەر کوت کردنی‌بیرو هۆشی رووناك بیرانی کورد لەو سەردەمەدا زۆر لە ئەدیب‌و زانایانەی کورد بەکۆمەڵێك ئاوات‌و هیوای تاساو لە سینگیاندا سەری ناوەتەوە ، بێ‌ئەوەی بگەن بەو ئاوات‌و هیوایەی کە بەدرێژایی تەمەنییان خەویان پێوە دەدەی(١) .

ئەگەر لە ئەدەبیاتی ئەوروپی‌دا ،پێناسی ڕێبازی رۆمانتیك بەوە کرابێت کە دەڵین : بریتی‌یە لە خەون خەیاڵ ، خەون خەیاڵ بەرەو پێشەوە، خەوت خەیاڵ بەرەو دواوە . شاعیرو نووسەرانی ڕێبازی رۆمانتیکی لە سەرەتاوە خەون بەدوارۆژەوە دەبینن بەلام دوای ئەوەی ئەو ئاوات‌و هیوایەیان دەست گیر نابێت تووشی رەشبینی دەبن‌و دەستە ئەژنۆ دادەنیشن ، هەموو ئاوات‌و هیوایەکییان لەبەر چاو کاڵ دەبێتەوە تەمی ماتەمی‌و نائومێدی بەرچاویان دەگرێت ئەمجارە خەو بەرابووردووەوە دەبینن ، ئەورابووردووەی کە مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سادەو ساکار ژیاون دوور لە گیرو گرفتی کۆمەلایەتی . بە خەون خەیالی خۆیان جیهانێکی میسالییان پێك دەهێنا کە تەنها لە باوشی سروشتدا دەهاتە دی ، چونکە بەلایانەوە سروشت پاك ترین مەلبەندە کە هێشتا دەستی شارستانێتی پێ‌ی نەگەیشتووە ژیانی کۆمەڵەی تیادا ئالۆزاو ەبووە ، مرۆڤ تیادا هەست بەهیچ جۆرە تەنگ‌و چەڵەمەیەك ناکات ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی‌و

(١) الثقافه الجديده عنوان المقالـه : الاتجاه الرومانتيكي في الادب الكردي .

بەختباری دەبەنە سەر ئەمیش بەتەواوەتەی بەپێچەوانەی ژیانی ناو ـ شارستانێتی بوو ، کە کێشەی مادی دەورێکی گەورەی دەگێرا لە خولقاندنی ئەو گیرو گرفتانەدا ، هەر ئەم لایەنە مادی‌یە بووەتە هۆی جیاوازی چینایەتی‌و کۆمەڵێك تۆوی‌رق‌و کینە لەناو کۆمەڵگای سەر بەسەرمایەداری‌دا رواندوە . لە ئەدەبی ئەورووپی‌دا ئەم خەون ـ خەباڵە ، دەبەسترێت بەپلەو قوناغی گۆڕانکاری کۆمەڵەوە لە رووی ژیانی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و ئایدلۆجیەوە ، چونکە هەر سەردەم‌و قوناغێك بیرو باوەرو ئایدلۆجێتی تایبەتی خۆی هەیە وەك دیاردەیەکی مێژوویی لە گەل گۆڕانی سەدەکەدا دێتەکایەوە،ئەوەبێ گومان ئەدەبێکی[2] نوێش سەر هەڵ دەدات‌و دەبێتە نوێنەری کۆمەڵی تایبەتی خۆی ، ئەگەر بەم چاوە تەماشای ئەدەبی‌کوردی بکەین ئەوە گەلێك دیمەن لەم چەشنە ئەدەبیانەمان بەرچاو دەکەوێت ، بەلام ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر سەرنجی رۆمانتیکی کوردی بدەین ، ئەوە رەنگە لە رووی پلەو قوناغی[1] کۆمەلایەتی‌یەوە جیاوازی‌یەکی زۆر هەبێت لە گەل شێوەو جۆری گۆرانی کۆمەلایەتی ئەورووپی‌دا ، چونکە هەر کۆمەڵگایەك لە جیهان‌دا ئاو هەواو باری گۆڕانی کۆمەلایەتی جیاوازە لەوی دیکە ، لەوانەیە لە شتێکی زۆر بچووك‌دا لە یەکچوون کۆیان بکاتەوە ، هەر ئەم جیاوازی‌یە دەبێتە هۆی شێوەی گۆڕانکاری باری کۆمەلایەتی‌و ئایدلۆجێتی کۆمەڵ‌و سەرهەڵدانی ئەدەبێکی گونجاو لە گەل سەردەمە تازەکەدا .

بەلام ئەوەی ڕێبازی رۆمانتیکی کوردی لە گەل هەموو

---

(١) النقد الادبی : محمد غنیمی هلال ، دار الثقافە بیروت ١٩٧٣ .

(٢) موحازەرات د. عزالدین مصطفی رسول .

ئەدەبییاتی رۆمانتیکی ئەورووپی‌دا یەك دەخات ، ئەو خەون خەیالەیە کە بیرو تابلۆی پڕ سۆزو ئەندێشەی هەموو ئەدەبییاتی جیهانی پێ‌ی دەردەبڕن ، کە خەونو خەیالە بۆ پێشەوە بۆ دوا رۆژەوە ، ئەوە وێنەی درەوشەدارو ئاسۆی رووناك خۆی پیشان دەدات ، شاعیرو نووسەران ئەو ئاواتو هیوایەی هەیەتی بەشێوەیەکی پرشنگدارو لە شێوەی خەوێکی خۆش‌دا پێشکەش‌ی دەکات ــ بەپێچەوانەشەوە ، خەونو خەیاڵ بۆ دواوە ئەوە بێ گومان بریتی‌یە لەتاریکی‌و شەو زەنگ هۆنراوە پڕ دەبێت لە قوڵپی گریانو کاڵ بوونەوەی هەموو ئاواتو هیواوخەو بنینێك لە لای شاعیر ئەمەش وەك خەوێکی ناخۆش‌و سامناك شاعیر دەهێنێنە گریان لە ژیان‌داو وەرەبەردەداتو تووشی رەشبینی دەبێت .

لە ئەدەبی ئەورووپی‌دا دیمەنی یەکەم نیشانەی پێشکەوتنی‌و گەیشتنە بەئاواتو هیوای ژیانێکی بەختیار ، دووەمیش نیشانەی کۆنەپەرستی‌و چەوسانەوەیە . ئەوە لەم حالەتەدا بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت ئەدەبی رۆمانتیکی کوردی بەهەمان شێوەو سنووری دیاری ــ کراوی بۆ دانرێت ، ئەگەر دیمەنی یەکەم بریتی بێت لەو خەون خەیاڵەی بۆ پێشەوە کە نیشانەی پێشکەوتنی‌و بەختیاری بێت بۆ خودی کەسایەتی ناو کۆمەڵ ، ئەوە لە ئەدەبی ئەورووپی‌دا بێ‌گومان دیمەنی نیشانەی خەون خەیالە بۆ دواوە کە بریتی‌یە لە رەشبینی‌و نائومێدی‌و دوورکەوتنەوە لە گیرو گرفتی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی ، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ رژێمی کۆنە پەرستی‌و جیاوازی چینایەتی‌و چەوسانەوەی چینی هەژار بەدەست چینی سەرمایەداری‌یەوە ئەم دیمەنانەش بەشێوەیەکی روون لە ئەدەبی رۆمانتیکی ئەورووپی‌دا دیارە .

لە ئەدەبی کوردی‌دا ، ناتوانین سنووری جیاکەرەوە لە نێوان ئەم

دوو دیمەنە دابنێین،چونکە دوو دیمەنە لە لای میللەتی کورد دەبێت بەیەك تابأو ئەویش رەنگدانەوەی باری سەختی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری یە لە ژێر سایەی رژێمی دەرەبەگو دامودەزگای کۆنەپەرستی دا ، چونکە ئەو گۆڕانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتایی سـەدەی بیستەمدا دەربارەی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی لە ئەوروپادا لـە ئەنجامی ئەم گۆرانکاری یەدا شۆرشی پیشە سازی هاتە ناوەوە . لـە ماوەیەکی کەمدا بووە هۆی پەیدا بوونی جینێکی سەرمایە داری ، ئەم جـۆری گۆڕانکاریەی ئەوروپی بەم شێوەیە بەسەر باری ژیانـی کۆمەڵی کوردا نەهاتووە ، چونکە ناوچەی کوردستان لە کـۆنەوە تا وەکـو ئێستا ناوچەیەکی کشتو کالی یە ، ئەگەر لەسەرەتایی سەدەی بیستەش دا[1] پیشەسازی تیادا پەیدا بووە ئەوە بریتی بووە لەو پیشەسازی یەی کـە بەدەست دروست دەکرا تاقە کەسێك یاخود کۆمەڵیك لەماڵەوە یا لـە دوکانێکدا دروستیان دەکرد ، وەك مۆتاپچیتی و سـابوون کـردنو جۆلایە .... هتد .

بێ گومان ئەو رژیمەش کەلە ناوچەیەکی کشتوکالی دواکـەوتوودا پەیدا! دەبێت بریتی یە لە رژێمی دەرەبەگایەتی ، هەر لـەبەر ئـەمەش شاعیرو نووسەرانی کورد بەدرێژایی تەمەنیان باسی سەرەکی شیعـرو چیرۆکەکانیان بریتی بووە لە رەنگدانەوەی کێشەی نێوان چینی دەرەبەگو جوتیارو هەندێ لە دەردە سامناکەکانی ناو کومەڵی کوردەواری وەك : نەخوێندەواری و دواکەوتنی ئافرەتو کومەڵێك گیرو گرفتی دیکە ، ئەم باسانەش بەزەقی لە بەرهەمی شاعیرو نووسەرانی ئەو سەردەمەدا دیـارە بەتایبەتی لە هونەری چیرۆکدا لایەنێکی فراوانی ئەم باسانەی بەخۆیـەوە

(١) موحازەرات د. عزەددین مستەفا رەسول .

گرتووە ، وەلە هەموویانیش‌دا بەشێوەیەکی ریالیزمی رەخنەگرانە دەریان بڕیـــوە[1] •

لە سەر ڕۆشنایی ئەم روونکردنەوە دەتوانین لە رووی چاخ‌و سەردەمی تایبەتی گۆڕانی باری ژیان ، ئەم دیمەنە نەبەستین بەچاخ‌و سەردەمەوە ، ئەوە لەم بارەیەدا بێ گومان هەندێ شیعری رۆمانتیکی لە شێوەی ئەدەبی ناوچەی (گـۆران[2])دا بەدی دەکرێـت بەتایبـەتی لـە شیعـرەکانی (مەولەوی)دا ، کە لە دوای‌دا دێینەسەر باس کردنی • مەولەوی توانیویەتی بەخەیالێکی ناسك‌و پڕ لە سۆزو ئەندێشە وێنەو تابلۆی گەش گـەشی ناوچەی سیجراوی کوردستان بکێشێت‌و شێوەیەکی تایبەتـی لە شیعر دانان‌دا بۆ خۆی هەڵبژێرێت •

شیعری کوردی لە عەروزو قافیەو وشەکاری عەرەبـی‌و فارسـی بەرێتە دەرەوە لە شوێن ئەمانە بایەخی داوەتە سەر ناوەرۆکی شیعرەکان • شیعرەکانی مەولەوی لەسەر کێشی پەنجە ( هیجا ) دانـراون ، ئـەمەش یەکێکە لە خاسێتی ئەدەبی ناوچەی گۆران ، کە هەر لە سەرەتاوە لـە سەر کێشی پەنجەی خۆماڵی شیعرەکانیان داناوە ، ئەگـەر چاوێـك بەدیوانەکەی مەولەوی‌دا بخشێنین دەبینین زۆربەی شیعرەکانـی لەسەر کێشی دە بڕگەیی دەروات کە وەستانی لە ناوەراسـت دایە وەك ئـەم شیعرەی خـوارەوە :

شـەماڵ دارانـــەن ، شـەماڵ دارانـــەن

---

(١) موحازەرات ــ د• عەزەدین ، مستەفا •

(٢) گۆران : دەبێتە چەند بەشێکەوە ، وەك : هەورامی ، باجلان ، زازا ، زەنگنە ، ئەم بەشانە هەمووی دەچنە ژێر ناوی گۆرانەوە•

زەردی ڕەنــگ ، نــەرووی وەڵــگ دارانەن[1]

بەکارهێنانی کێشی پەنجە لە لای شاعیرانی ناوچەی گۆران پەیـڕەو نەکردنی کێشی عەروزیعەرەبی ، وەك ناوچەکانی دیکـەی کـرردستان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئاو هەواو سروشتی ناوچەی هەورامان خـۆی • لەبەر ئەوەی باسەکەمان ئەدەبی رۆمانتیکی یە ، شیعری ناوچەی گۆرانیش چ لە روخسارو چ لە ناوەرۆکدا پەیوندی هەیە لـە گــەل ئـەم رێبازە ئدەبی یە نوێ یە ، بەتایبەتی شیعرەکانـی مەولەوی زۆربەی لە ژێر ناوی رۆمانتیکدا کۆدەبێتەوە ، بۆیە بەپێویستـم زانـی هەنــدێ دەربارەی ئەدەبی ناوچەی گۆران باس بکەم هەروەهاهەندێ لە شیعرە رۆمانتیکی یە سروشتی یەکانی مەولەوی شی بکەمەوە •

(١) دیوانی مەولەوی ، مەلا عەبدولکەریم ، چاپخانە معارف ١٩٦٠ چاپی یەکەم ، ل ٣٠٧ •

## بەشـــی سێیەم
## ئەدەبیاتـــی ناوچـــەی گـــۆران

مەبەستمان لە باسی شیعری شێوەی گۆران ئەوەیە ، کە بۆچی بەم شێوەیە شیعر وتراوە لە کاتێکدا هەموو ناوچەکانی دیکـەی کوردستان وەك : ئەرەڵان‌وسۆران‌و موکریان تا (نالی) لە شارەزوور پەیدا نەبـووە لاسایی ئەدەبی عەرەبی‌و فارسییان دەکردەوە بەخەیاڵییان‌دا نەدەهانـت کـە زمانەکەی خۆیانیش لە باری‌دا هەیە شیعری پێ بووترێت کە (نالـی)یش پەیدا بووە لە ناوچەی سلێمانی لە شیعر دانان‌دا پەیرەوی ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی کردووە بەتایبەتی لە بەکارهێنانی عەروزو قافیەو رەوانبێـژی‌دا ، کەچی هەر لە سەردەمی نالی‌دا ، مـەولەوی لە ناوچـــەی هـەورامان شیعرەکانی لە سەر کێشی پەنجە داناوە کە کێشێکی خۆماڵی رەسەنـی کوردی‌یە ، بالەو کاتەیشی‌دا وەك هەموو ناوچەکانی تری کورستان ئایین‌و شەریعەت‌و ئەدەبی عەرەبـی‌و فارسـی لە مزگەوتەکانـی هـەوراما‌یش‌دا خوێندرابێت ، کەچی مەولەوی‌و هەموو شاعیرانی شێوەی گـۆران لـە شیعرەکانیان‌دا بەهیچ جۆرێك پەیرەوی ئەم دوو ئەدەبەیان نەکردووە ، ئەمیش دەگەڕێتـەوە بـۆ سروشتی‌ناوچەی هـەورامان کە ئەم خاسێتـەی بەشیعری ناوچەکە بەخشیوە .

ئەگەر تەماشای ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکەیـن ئەوە دەبینین بو ماوەیەکی درێژ کەم‌و زۆر دەسەڵاتی ئیمراتۆرێتی عوسمانلی‌و قاجـاری بەسەریانەوە بووە هەر بەم هۆیەوە ئەم ناوچە کوردییانە ئاشنایەتیـان لە گەڵ ئەم دوو نەتەوەیە پەیدا کردووە ، ئەمە جگە لە ئاشنایەتی راستـەو خۆیان لەگەڵ شەریعەت‌و ئەدەبی عەرەبی بەهۆی ئایینی ئیسلامی‌یەوە .

ئەم ئاشنایەتیی‌یەش وای لە نووسەرو ڕۆشنبیری کورد کردووە کە بەشێوەیەکی ڕاسەو خۆ لاسایی ئەم نەتەوانە بکاتو لە کونو قوژبنی ئەم ئەدەبانە بکۆڵنەوە . لە ئەنجامی ئەم تێکەڵبوونەی کوردو بەپەرۆش بوونیان بۆ ئەم ئەدەبانەو شکاندنی تینوێتی ئەدەبی‌یان تێدا وای لە هەندێ شاعیرو نووسەری کورد کردووە کە لە زمانو ئەدەبەکەی خۆیان تا ڕادەیەك دوور بکەونەوەو قۆلاییان ەبێت بەرزمانەکەی خۆیان شیعر دانێن ، یاخود بەلایانەوە تەنها هەر ئەم زمانانە دەشێت بۆ شیعر دانان ، ئیتر بەم شێوەیە شاعیرو نووسەرانی کوردمان سەرگەردانی بیابانی ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی بوون ، تا وەك نالی لە سەدەی نۆزدەهەمدا پەیدا بووە ئەم شاعیرو نووسەرانەی لە بیابانی تینویەتی ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی گەڕانە دواوە تینوێتیانی بەشێوە کوردی‌یەکەی خۆیان شکاندوە نالی وەك ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتووی سەردەمەکەی خۆی سەلماندی بۆ ئەوانەی کە دەیان گوت زمانی کوردی بۆ شیعر دانان دەست نادات لەم دوو دێڕەی خوارەوەدا نالی شانازی بەزمانی کوردییەوە دەکات بەلایەوە ئەگەر لەو زمانانە زیاتر نەبێت ئەوە بێ‌گومان کەمتر نی‌یە وەك ، لێرەدا دەڵێت :

طەبعی شەککەر باری من کوردیٚ ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیخلی خۆیە مەقصودی لە (عمدا) وا دەکا[1]

بەڵام ناوچەی گۆران هەر لە سەرەتاوە بەشێوەکەی خۆیانشیعریان

---

(١) دیوانی نالی ، مەلا عبدالکریمی مدرس ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ل ٦٠ .

داناوه ، ئەمیش بەهۆی سەختی سروشتی ناوچەی هەورامانەوە ، کە وەك هەموومان دەزانین ، ناوچەیەکی شاخاوی تووشە ، ڕێگاو بانی هامشۆ کردنی زۆر کەمە ، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا بەهۆی بەفرو بارانەوە بۆ ماوەیەك ئەم ڕێگاو بانە دەبەسترێت ، ناوچەی سەختی وەهایشی تیادایە تەنانەت ڕێگای پیادەیشی لێ نی‌یە . ئەم بارە سەختە وای کردووە لە ناوچەی هەورامان کە باری ئابووریشی لاوازبێت ، ئەم دوو هۆیە وایان کردووە کە ئە ئیمبراتۆرێتی عوسمانلی‌وەنە قاچاری هەولی دەست بەسەرا گردتنی ئەم ناوچەیە بدەن ، ئەمەش وای کردووە لە ناوچەی هەورامان کە تێکەڵ بەهیچ لایەکیان نەبێت ئەو شاعیرو نووسەرانەشی تیادا هەڵکەوتووە یەکسەر بەشێوەکەی خۆی چاوی هەڵهێناوەو گۆشاد بووە هەر بەو شێوەیەی گفتو گۆیی کردووە شیعرەکەشی پێ داناوە بەشێوەیەکی ڕەوان‌و بێ گرێ دایڕشتووە ، ئەو شاعیرو نووسەرانەش کە لە دوای ئەمان هاتوونەتە کۆڕی ئەدەبی‌یەوە با شارەزایی ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی بوون بەهۆی خوێندنی حوجرەوە ، نەبووەتە هۆی دوور خستنەوەیان لە شێوە زمانەکەی خۆیان هەر لە سەر شێوەکەی خۆیان بەردەوام بوونە بێ ئەوەی لالووت بن لێی ، چونکە شاعیرو نووسەرانی پێش خۆیان سەرەتایەکی ئەدەبی باشی‌یان لەم مەیدانەدا بۆیان بەجێ هێشتووە ئەمە جگە لەوەی کە هەر لە منداڵی‌یەوە گوێچکەیان بەئەدەبیاتی شێوەکەی خۆیان زرنگاوەتەوە تێکەڵاوی شادەمارەکانیان بووە سەرمەستی ئاوازو مۆسیقای شێوەکەی خۆیان بوونە : ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شاعیرانی شێوەی گۆران پەیڕەوی ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی نەکەن لە شیعر دانان دا چونکە لە سەرەتاوە شارەزاییان دەربارەی ئەم دوو ئەدەبە نەبووە ، کە کاتێکیش شارەزاییان لێ پەیدا کردووە بەهۆی خوێندی حوجرەوە

تەنها لەلایەن هەندێ ناوەرۆکی شیعری‌یەوە پەیرەویان کردووە هەندێ ستایشی ئاینی لەمەدحی خوداو پێغەمبەردا (د٠خ) بەلاّم وەك باسمان کرد لە روخسادا پەیرەوی ئەم ئەدەبانەیان نەکردووە خۆیان بەهیچ بنەواشەیەکی ئەم‌ئەدەبانەوە نەبەستووە هەروەها بەهۆی تەریقەتی نەقشبەندی‌یەوە ، کۆمەڵێك شاعیری سەر بەم تەریقەتە لە ناوچەی هەورامان پەیدا بووە ، وەك : مەولانا خالدی نەقشبەندی (١٧٧٤ـ١٨٢٦)و مەولەوی (١٨٠٦ـ١٨٨٢)و شێخ سیراجەدین (١٧٧٤ـ١٨٦٧)و شێخ عومەری بیارە (١٨٣٩ـ١٩٠٠) ئەم شاعیرانەی شێوەی گۆران لە وێنەکێشانی دیمەنەکانی سروشت‌و روخساری شیعری‌دا زۆر جیاوازیان هەبوو لە گەل ئەدەبی کلاسیکی‌دا لە ستایشی ئایینی‌یەوە تا دەگاتە تەسەوف ، ناسك ترین شیعری خۆشەویستی‌و دلّداری‌و وەسفی جوانی‌ی ئافرەت لە شیعری شێوەی گۆراندا دەبینرێت ، لوتکەی سۆزو ئەندێشەی ئەم خۆشەویستی‌یە لەو بەرهەمانەدایە ، کە خۆشەویستی‌و ماتەمی ئاوێتەی یەکتر کراون بۆمەرگی خۆشەویست‌و هاوسەرەکانیان گوتوویانە ، نموونەی بەرزی ئەم سۆزو لاّواندنەوە لە ئەدەبی کوردیدا پارچە شیعری ( گلکۆی ــ تازەی لەیل)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی‌و شینی مەولەوی بۆ خاتو عەنبەری هاو سەری ٠ لە رووی روخساریشەوە رەنگە بەدەگمەن شیعری شێوەی گۆرانمان بەرچاو بکەوێت کە لەسەر کێشی عەروز دانرابێت ، ئیتر هەمووی لە سەر کێشی پەنجە دانراوە بەتایبەتی کێشی دە برگەیی ، ئەگەر لە شیعری کلاسیکی‌دا لە هەموو پارچەکەدا یەکێتی قافیە (رەوی‌یە) واتا دوا تیپ ببینرێت هەموو بەیتەکان تا دوای پەیەك تیپ کۆتایی هاتبێت وەك ئەمەی خوارەوە :

قوربانــی تۆزی ڕێگەتـم ئـەی بادی خـۆش مروور
وەی پەیکـی شارەزا بەهەموو شـاری شارەزوور[1]

ئەوە شیعری شێوەی گۆران بەزۆری چووەتە سەر شێوەی دوو بەیت (مەسنەوی) ئەویش لەهەر دێرێکدا قافیەو ڕەوی‌یەی دواتیپی تایبـەتی هەبێت ، ئەم قافیەو دوا تیپە لە دێری دوای‌دا بگۆرێت ، وەک ئەمـەی خانـای قوبادی :

یاڕەب ئـەر بەدخـووم ، ئەر پاکیـزە خـووم
گـونای مـن چێشەن ئافـەریـدەی تـووەم
تـۆ وێـت حاکم بەرهـەم وێت بـەر قـازی
کـە بەسنعـی وێش چـوون نـی‌یەن رازی
تـۆ بەدەستـی وێـت من ئافەریـدەن
ئەگەر نەبـۆت پەسەند کـێ پەسەندیـدەن[2]

قافیەی ئەم شیعرەش بەم شێوەبەی خوارەوەیە کـە هەر دوو دێر قافیەو دوا تیپی تایبەتی هەیە:

هەروەها ئەوەی زیاتر ئەدەبیاتی شێوەی گۆران ، لـە ئەدەبی کلاسیکی جیادەکاتەوە وەسفی سروشتە ، ئەویش وێنەو تابلۆکێشـانی دیمەنەکانی سروشتی کوردستانە کە گەیشتووتە بەرزی لە شیعرەکانـی مەولەوی دا .

مەولەوی : مەولەوی یەکێکـە لەشاعیرە هەرە بەرزەکانی ئەدەبی

---

(١) دیوانی نالی ، مەلا عبدالکریم مدرس
چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ل ٥٦ .
(٢) دەست نووس .

کوردی ، چ وەك شاعیرێکی داهێنەر لە وێنەو تابلۆ کێشانی سروشتی ڕەنگینی کوردستانو چ وەك شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی سۆفیەتی ، لە هەردوو باردا نمونەی سەرکەوتنو داهێنانو تازەگەری لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت ، چونکە شێوەی تایبەتی خۆی هەبووە لە شیعر داناندا هەروەها لە بابەت سروشتەوە بە مامۆستای پیرە مێردو عەبدوڵلا گۆران دەژمێرێت ، ئەم دوو کەڵە شاعیرە کوردە بە ڕێگای مەولەوی دا جوانترین وێنەو تابلۆی گەش گەشی دیمەنەکانی کوردستانیان کێشاوە ، پیرە مێرد لە وەسفی سەرچاوەی زەڵمو تانجەرۆو سیروان دا گۆرانیش لە دوو گەشتە هاوینە هەوارەکەی بۆ هەورامانو قەرەداغ بە جووتە جوانترین وێنەی فتۆغرافی ئەم دیمەنە سەرنج ڕاکێشەرانەی ناوچەکانی کوردستانیان بە شێوەیەکی زیندو کێشاوە بە جۆرێك ئەم خاکەیان شیرین کردووە کەببێتە بەشێکی هەرە گرنگ لە ژیانی میللەتی کوردا .

مەولەوی توانای دروست کردنو داهێنانی زۆر بووە وەك شاعیرانی کلاسیکی لاسایی ئەدەبی عەرەبیو فارسی نەکردوە ، وێڵی دوای عەروزو قافیەو وشەکاری نەبووە ، بەزۆری قافیەی جودت سەروای بەکارهێناوە لە شیعرەکانیدا ، بەمە مەولەویو شاعیرانی شێوەی گۆران دەدرێنە پاڵ شاعیرانی نوێ خوازی ئەدەبیاتی کوردی ، چونکە لەروخسارو ناوەرۆکی شیعریدا شێوەی داهێنانو تازەگەری تیادا بەدی دەکرێت کەمتر لە شاعیرانی ناوچەکانی دیکە لاسایی ئەدەبی کلاسیکیان کردووەتەوە . لە کاتێکدا ڕێبازی ئەدەبی ڕۆمانتیکی لە ئەوروپا چەسپاوەو نوێنەرانی تایبەتی خۆی هەبووە ، مەولەوی لە ناوچەی تاوەگۆزدا بەم ڕێبازە ئەدەبی یە نوێیەدا تێپەریوەو لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، ئەمەش بەمەرجێك کە ئاگای لەم ڕێبازە ئەدەبی یە نوێ یە ئەوروپی یە نەبووە .

لێرەدا دەتوانم بڵێم مەولەوی یەکەم شاعیری کوردە کە توانیویەتی وەسفێکی جوانی سروشتی ئەم خاکەمان بۆ بکات لە وێنەو تابلۆ کێشاندا وەك جوان ناسێك بەشێوەیەکی جوانو قەشەنگ پیشانی داون ، لە هەر چوار وەرزی ساڵدا وێنەی گەشو زیندوی ناوچەکەی بەشێوەیەکی هونەرمەندانەنیگار کێشاوە لە زۆر شوێندا واقیعی یێتو بەشێوەی کامیرایەکی فتۆغرافی وێنەو تابلۆی ئەو دیمەنانە بەخەیاڵێکی ناسکی رۆمانتیکی وەسفیان بکات ، لە زۆر شوێنیشدا ئەم شێوە رۆمانتیکییە پڕ سۆزەی ئاوێتەی رێبازی سۆفیەتی‌یەکەی بکات ، شێوەیەکی لاهوتیو میسالی بەخشیوە بەو دیمەنە سادەو رەنگینانەی سروشتی کردەگار .

مەولەوێك کە چاوی بەو دیمەنە دڵ رفێنانەی ناوچەی هەورامان کرایێتەوە کە سەری بەرز کردووەتەوە چیای هەزار بەهەزاری بینیو کە وەك قوولەی ئیڤل باوشی بۆ ئاسمان کرتووەتەوە ، لە زستانیشدا وەك بوکێك تارابی سپی بەفرینی داوە بەسەریا ، لە بەهاریشدا لە هاژەی قەڵبەزی سەرچاوەو ، لە جریوەو چووکەی باڵدارانو هاژەی قەڵبەزی کەف زیونی چەم ، ئەمانە هەمووی بوونەتە سەرچاوەی هەڵقولانی شیعری مەولەوی ، لە پەردەی خەیاڵیدا نەخشاوەو خستوویەتی‌یە جیهانێکی خەیاڵیٖ پڕ سۆزو ئەندێشەوە ، بەشێوەیەکی راست گۆ وەبە هەموو سەربەستی‌یەکەوە بەوشەی پڕ سۆزو ئەندێشە ئەم هەستو خرۆشەی بەدنیای ئەدەبدا بلاو کردووەتەوە .

مەولەوی بەپێچەوانەی شاعیرانی رۆمانتیکی ئەورووپیو خۆمان لە وەسف‌کردنی وەرزەکانی ساڵدا وەك یەك بەشێوەیەکی جوانو قەشەنگ رازانیویەتی‌وە ، زۆر جار لە شێوەی وێنە گرێك رەنگو بۆی ئەم وەرزانەی لە روخسارێکی ئیستاتیکی هونەریدا پیشان داوە وەك ئەم

شیعرەی خوارەوەی کە وەسفێکی بەرزی وەرزی زستانی کردووەو . دەڵێت :

ژووسان وەی رەنگ وەگەردوون یاوان
گێجیای لوول گێچ کڵێڵەی کاوان
بەنا باشی بورج بەرزە دیاران
سفید کاری کەرد تاقچەی موغاران
چ شیرین زەڕگەر تۆف هەوای سەرد
گۆشوارە نەگۆش نەو نەمامان کەرد
پەی نیگای باڵای مەحبووب بێ گەرد
یەخ ئاینە گرت ، تەم چارشێو ئاوەرد[1]

لێرەدا تەنها مەگەر مەولەوی توانیوێتی بەم خەیاڵە ناسکە رۆمانتیکییە وەسفێکی وا جوانو بوختەی زستان بکات ، کە ئەم زستانە سەختەی ناوچەی هەورامان بەم هەموو تۆفو سەرمایەی کە کەوتووەتە گەردوونەوە دنیای بەجۆرێ پڕکردووە ، کە کڵیلەی بەفر سەر کێوەکان گێژو لوولیانە ، لە پاشاندا هەر بەهەمان شێوەی خەیاڵی هاتووە وەسفێکی فتۆغرافی ئەو بورجو شوێنو بەندەکانی کردووە ، کە چۆن بەناباشی لێرەدا مەبەستی کردگارە تاقچەی موغارەکانی بە بەفر گەچکاری کردووە ، یاخود ئەو بەنایە کە ( بورج )ە لەو شوێنە بەرزانە هێنای تاقچەی ئەشکەوتەکانی بەبەفر گەچکاری کرد ، لێرەدا تەنها مەگەر[2]

(١) دیوانی مەولەوی ، مەلا عبدالکریمی مدرس ، چاپی یەکەم ١٩٦٠ چاپخانەی معارف ل ٢٧٨ .

(٢) مێژووی ئەدەبی کوردی ، علاءالدین سجادی چاپی دووەم ، چاپخانەی مەعاریف ١٩٧٠ بەغدا .

خەیاڵی ڕۆمانتیکی مەولەوی خۆی بۆ ئەم جۆرە وردەکــــاری‌و تابلۆ خەیاڵییانە چوویێت لە بەرگێکی رۆمانتیکــی پــڕ ســۆزو ئەندێشـەدا دەربڕیوە بەرامبەر بەسروشتەکەی بە تایبەتی لە وەرزێکی سەختی وەك زستاندا ، کە بەلای زۆربەی شاعیرانەوە بایەخێکی ئەوتۆ نـەدراوە بەم وەرزو وەهیچ هەست‌و خۆشیێکیان تیادا بەدی نەکردووە : مـەولەوی لەم دوودێرەی خوارەوەدا کە دەڵێت :

چ شیریــن زەزگـــەر تـــۆف هەوای سەرد
گۆشوارە نەگۆش نـەو نەمـــامان کــەرد

لێرەدا مەولەوی ئەوپەری داهێنان‌و وردەکاری هونەری بەکار هێناوە، لە کاتێکدا ئەم گەلایانە لە وەرزی پاییزدا رەنگی‌یان زەرد هەڵدەگەرێت هەندێکیشیان تا سەرەتایی زستان دەمێننەوە مەولەوی هاتووە بەشێوەیەکی هونەری ئەم گەلایانەی چوواندووە بەگوارە لە زەردی‌دا سەهۆڵیش زەنگوڵ زەنگوڵ وەك گوارە شۆربووەتەوە پیانـدا • ئـەم وەسفـە خەیاڵی‌یەی مەولەوی بەم شێوەیە بەپێچەوانەی هەموو شاعیرانی ڕۆمانتیکی ئەوروپی‌و کوردی‌یە ، چونکە شاعیرو نووسەرانی ئەدەبی رۆمانتیکی کـە هاتوونەتە باس‌کردنی وەرزکان ، هەموو کاتێك پاییزیان بەوەزرێکــی پڕ ماتەمی‌و رەنگ زەردی وەسف کردووە ، بەتایبەتی شاعیرانی رۆمانتیکــی ئەوروپی روو زەردی گەلارێزانی پاییزیان چوواندووە بەتەمەنی کورتیان لەژیاندا • مەولەوی تەنها بەم وەسفە جوان‌و قەشەنگەوە نەوەستاوە هەر لەم نەمامانە وێنەی بووکێکی جوانی رازاوە دەکێشت کە بەخشڵی وەرزی زستان رازاوەتەوە ، هێناوێتی گۆشوارەی زێـری کردووەتـە گوێی‌و سەهۆڵی بۆ راگیر کردووە تا ئەم بووکەجوانە رووەمەتی قەشەنگی خـۆی تیادا ببینێت ، تەمیشی بۆ دەکاتە چارشێو دەی دات بەرووەمەتـی دا هەر

بەرێگای وەسف کردنی ئەم زستانەدا مەولەوی هەندێ خوو رەوشت و نەرێتی کوردەواری پیشان داوە لە جۆری رازاندنەوەو تاراکردنی بووك لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا •

یاخود لەم شیعرەی خوارەوەدا کە بەشێوەیەکی مەعنەوی پر لەسۆزو ئەندێشەی رۆمانتیکی وەسفێکی هونەری جوانی نازدارێکی (چاف)ی کردووە کە لەو دیووی رەشمالەکەیانەوە نیگای دەرخستووە :

چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش
نەنۆی پەردەی دڵ مەعدومی‌ی دڵ رێش
نمانا جەمین شای سۆسەن خالان
نەنۆی تارێکی تای شەدەی بێ گەرد
لە طافەت چون ئاو خەیات مەوچ مەوەرد(۱)

ئەم پارچە شیعرەی مەولەوی بەتەواوەتی لە قالبێکی رۆمانتیکی‌دا جیگای خۆی کردووەتەوە ، بەهۆی ئەو پەیکەرە خەیالی‌یەی کە لە روومەتی ئەو نازدارو شۆخە جافەدا نیگاری کێشاوە ، بە شێوەیەکی خەیالی وا بۆی چووە لەوانەیە شاعیرانی رۆمانتیکی بەم شێوەیە وێنەو خەیالی وەها بەمێشکیاندا گوزەری نەکردبێت • ئەو پەیکەرە خەیالی‌یە روومەتی خۆی لە پەردەی مەعدومی دڵ بریندار کە شای سۆسەن خالانە نێو چەوانی خۆی دەرخسنت ، ئەمیش لە گۆشەی سیاماڵەکانەوە ، کاتێکی زانی ئەوا لە ناو تاریکایی شەدەو پۆشینی

(۱) دیوانی مەولەوی چاپی یەکەم ۱۹٦۰ ، چاپخانەی معارف •
ل ۱۸۲ •

ڕەشی لە سەری ئالاندبوو ، یا زولفە ڕەشە جوانو نازەکەی دەمو چاوی شیرینی وەك ئاوی ژیان لەو تاریکایی دا شەپۆلی دەدا .

مەولەوی بەشێوەیەکی خەیالی وای لێکداوەتەوە کە ئەو نازدارە ئەوەندە شۆخو شەنگە هیچ شتێك نی یە بۆ ئەو جوانی یەی ئەو دەست بدانا بیچووێنێت پێی ، جگە لە وێنەی خەیالی خۆی لە دلی ئەودا ، لە دوو دێری یەکەمدا تەشبیهی ( محسوس ) هەست پێ کراو ، کراوە بە(معقول) واتە وێنەی ڕاستەقینەی ئەو دیوی ڕەشمالەکە تەشبیە کراوە بەوێنە خەیالی یەکی دلی مەولەوی ، ئەو ڕەشمالە کە یار نێوچەوانی خۆی لەو دیویەوە وەك ئاوی ژیان دەرخستووە ، تشبیە کراوە بەدڵە بریندارە تاریك بووەکەی مەولەوی ، بەپێی ئەم چواندنە دەبێت وێنە خەیالی یەکەی ئەو نازدارە لە دلیمەولەوی دا ، جوانترین بێت لە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی ، ئەمیش یەکێکە لە خاسێتی ئەدەبی ڕۆمانتیکی کە ئەو شتانەی بەخەون خەیال دروستی دەکەن وەبە جیهانێکی ڕاستەقینەی دەزانن ئەوەبێ گومان ئەو ماوە خەیالی یەی کە تیادا دەژێن لە لایان خۆشترە لە شتە ڕاستەقینەکانی ژیانی واقیعی . مەولەوی پارچەیەك شیعری ڕۆمانتیکی پڕ سۆزو ئەندێشەی کە سەرتاپای ڕەشبینی ماتەمی یە ، بەسۆزو هەستێکی ڕاستەقینە دوای کۆچی عەنبەر خاتوونی[1] هاوسەری ، ئەم پارچە شیعرەی بۆ لاواندنەوەی داناوەو دەلێت :

شووڕای عاشووران دیسان بەزمش بەست
( موجەرەم ) ئاما ( موجرەم ) شینە دەست

لەم پارچەیەدا مەولەوی ئازێت باریو نائومێدیو ڕەشبینی سەرتاپای

---

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی ، علاءالدين سجادی ، چاپی دووەم ١٩٧٠ چاپخانەی معاریف .

ژیانی دابۆشیوە ، ئەمیش بەهۆی ماڵ ئاوای کردنی هاوسەری ژیانی یەوە ئەم شێوە نائومێدو ماتەمی یەی مەولەوی بۆ هاوبەشی ژیانی بە شێوەیەکی گەش و رووناك لە زۆربەی بەرهەمی شاعیرو نووسەرانی رۆمانتیکی دا بەرچاو دەکەوێت • لە کاتێك دا خۆشەویستەکەیان دەمرێت وەیاخود بەیەکتری ناگەن شاعیری رۆمانتیکی لەم حالەتەدا وەرەبەردەداو لە تابلۆی خەیاڵی دا وێنەی بەیەك گەیشتنی خۆی و خۆشەویستەکەی لە جیهانێکی خەیاڵی میتافیزیکی دا دەدۆزێتەوە ، بەدیداری یەك شاد دەبنەوە ، یاخود شاعیر لە زۆر شوێن دا هێرش دەباتە سەر چەرخی چەپ گەرد کە بەئارەزو مەرامی ئەم ناسوورێتەوە ، بەهاری شادی لێ دەکاتە پاییزو گەڵارێزان ، جوانترین گوڵی سووری بەهاری دەژاکێنێت و لەژێر پێی ستەمی دا دەی وەرێنێت •

مەولەوی لەم پارچەیەدا هەمان دادو سکاڵایەتی لە دەست چەرخی خیلاف نەنگیز بۆیە دەڵێت :

ئیمسال نەوبەهار چوون خەزان سەرد
بەرگ وەرد باغ مەعدووم بەرد پەی هەرد
مەشیۆ تاڵەی من خلاف ئەنگیز بۆ
وەرنەکەی؟ کێ دی بەهار گوڵرێز بۆ؟
دڵ وەکەچبازی چەبگەرد بازیش کەرد
جفت ئارەزو کەرد ، چەبگەرد تاك ئاوەرد[1]

مەولەوی لێرەدا هەر وەك شاعیرانی رۆمانتیکی ئەورووپی تووشی

---

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی ، علاءالدین سجادی ،چاپی دووەم ١٩٧٠ز ل ٢٩٥ •

ماتەمی‌و ڕەشبینی بووە لە ژیاندا ، بەهاری شادی‌و خۆشـــــی لێ‌بووەتە پاییزو گەڵارێزان ، تەم‌و مژی ئەم خەزانە ساردەی پاییز ڕەگ‌و ریشـەی مەزرەعەی مەولەویش هەڵبرزکاندوە ، هەناسـە سەردی کردووە ، ئەمەش بەلێکدانەوەی بیرو ئایدلۆجێتی مەولەوی ڕەنگە شتێکـی سەیرو سەرنج ڕاکێش بێت کە لە بەهارێکـی وا خۆش‌دا کە هەموو شتێـــك بـەدەم سروشتەوە پێکەنێت ، کە چی لەم بەهارەدا هەموو گـوڵ‌و گـوڵزاری سەرچاوەی شادی هەڵوەرێت‌و بەبای پاییزی ناوەخت پێ‌شێل بکرێت ، ئەم هۆبەش بەتێروانینی مەولەوی وەك شاعیرێکـی ڕۆمانتیکـــی پـڕ سۆزو ئەندێشە ، دەگەرێتەوە بۆبێ بەختی خۆی لە ژیاندا ، ئەمـــەش سکاڵای چەندە شاعیرو نووسەری ڕۆمانتیکی‌یە لـە ژیاندا کە هێـچ وەختێك بەو ئاوات‌و هیوایەیان نەگەیشتوون کە هەر دەم خەویان پێـوە دەدی ، سەرەرای نەگەیشتینانیش بەخەون خەیاڵە پیرۆزەکانیان تـووشی کۆمەڵیك کۆسپ‌و تەگەرە بوونە لە ژیاندا ، گەردەلووی پاییزی ڕۆژگار تووریانی‌داوەتە گۆشەی تاریك‌و شەو زەنگی لەبیر چوونەوە،وەك مەولەوی دەڵێت : ئەگینا کـێ دیویە بەهار گوڵ هەڵوەرێنێـت . ئـــەگەر بەوردی سەرنجی ئەم پارچە شیعرەی

خوارەوە بدەبـن دەبینین مەولەوی بابەتێکـــی گــــرتووەتـە دەستەوە ، ئەویش ئەوەیە کە لەم پارچە شیعرەدا ، رازو گلەیی کردێکە لە دۆستێکی دیمەنێکی جوانیش‌ی بەشیعرەکە داوە ، کە دانانی ئەو بابەتـەیە لە ناو چوار چێوەی ئەو وشانەددا ، نیازێکیش هەیە ، کە تێگەیانـدی دۆستەکەیەتی ، کە کۆمەڵیك بیری وردو سۆزی تیـــادا دەربڕیوە ، پارچەیەکی وەك ئەمەی مەولەوی ، دەتوانین بڵێین نەك تەنها پارچەیەکی(١)

---

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی ، علاءالدین سجادی چاپی دووەم ، چاپخانەی مەعاریف ١٩٧٠ز .

ڕۆمانتیکی‌یە ، بەڵکو ڕەگەزی ڕۆمانتیکی‌یەکەی تێپەڕ کردووە لە گەڵ شیعری دراماتیکدا ئاوێنەی کردوون.لەم جۆرە شیعرە ڕۆمانتیکی‌یەی مەولەوی وێنەی زۆرە لە ئەدەبی ڕۆمانتیکی‌دا زۆربەی شاعیرو نووسەرانی هەستو ئەندێشەیان بەم شێوە دراماتیکی‌یە دەربڕیووە ئەم پارچە شیعرەیەش وا لە خوارەوە تۆماری دەکەین تا لە ڕێگایەوە بەشێوەیەکی رووتر ئەم سۆزو ئەندێشەی مەولەویمان بۆ دەرکەوێت تاچ رادەیەك توانیویەتی بەو بیرە وردەی تابلۆو وێنەی ئەو سۆزو ئەندێشەیەی بکات بە تاذو پۆی ئەم پارچەیە :

هام دەردان ئامان ئەرمەندەن هۆشم
صەدایێ وەشەن مەیۆ نەگۆشم
چمان زێڵەی زەنگ زەواری مەیۆ
زرنگەی قافڵەی وەهاری مەیۆ
قافڵەچی ئامان ، دادەن دەخیلم
بنەك دار خەم خەیلی زەلیلم
نەڕای تیجارەت ئەمیری وەلی
تۆ مایەی ڕەواج عەباسو علی(١)

لێرەدا مەولەوی بەخەیاڵی نازکو بێ گەرد کاروانێکی دروست کردووە لە خاکی وڵاتێکەوە کە مەریوانە بەسەر دەریاچەی (زریبار)دا دەبیسەڕێنێتەوەهەر بەو خەیاڵە ڕۆمانتیکی‌یەی خۆی دەنگی زریەکەو هۆڕەی زەنگی ئەم کاروانە لە مێشکی خۆی‌دا دروست دەکاتو

---

(١) دیوانی مەولەوی ، مەلا عبدالکریمی مدرس ، چاپخانەی معارف ١٩٦٠ ل ٤٤٩ .

گوێی پێ دەزرنگێنێتەوە ، لەم ساتەدا هانە دباتە بەر سەر – قافڵەچیو دەکەوێتە پارانەوە لە بنك داری قافڵە چییەکە •

دیارە ئەم کاروانەی مەولەوی جکە لە باری دەردو مەینەتی هیچی دیکە نییە ، بنك دارەکەش دیارە هەر خۆیەتی ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ موعاناتی شاعیر لە ژیاندا ، جگە لە ناخۆشیو کۆست کەوتن بەولاوە هیچ خۆشییەکی لە ژیاندا نەدیووە ، بەدرێژایی تەمەنی هەر دەست نەرۆو ناشاد بووە ، ئەمیش زۆری بەهۆی جیاوازی چینایەتیو چەوسانەدەی چینی هەژار بووە لەو سەردەمەدا ڕەنگە هەر ئەم ژیانە ناڵەبارە بووەتە هۆی ئەوەی مەولەوی بەرێگای سۆفیزمدا بردووە دوای ئەوەی بێ پەروای لە ژیان جاسڵ کردووە ، کەوتووەتە دوای ژیانێکی لاهوتیو مەعنەوییەوە •

لەم چەند دێرەی سەرەوە کە باسمان کرد بەروونی ئەم ئازارو مەینەتییەی مەولەویمان بۆ دەردەکەوێت کە لەم کاروانەی ژیانیدا جگە لە ئێشو ئازار بەولاوە هیچی دیکەی نەدووڕێتەوە • مەولەوی هەر بەو خەیاڵە رۆمانتیکییە وردەی خۆی لەم کاروانەدا وێنەو تابلۆی گەش گەشی دروست دەکاتو دەڵێت :

گێج زرێوار هەرسم مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمام تەر کەردەن
بازش هەناسەمصوب وەنەش دەرۆ
یەخ گەرۆ قەتار ئاسان بۆیەرۆ

مەولەوی لێرەدا بەجۆرێ سۆزو ئەندێشەی خۆی دەربڕیووە بەو خەیاڵە ئاسکەی لە فرمێسکەکەی گۆمی زیباری دروست کردووە ، کەفو کوڵی دەروونی وای لێ کردووە کە بەهێرش هێنانی فرمێسکی

چاوی دەشتی مەریوانی کردووە بەقورِو لماو لەبەر ئەوە داوە لە سەر قافڵەچی خەیاڵەکەی دەکات کە بمێنێتەوە نا بەیانی هەتا بەهەناسەی ساردی ئەو دەشتە کزر بکات بۆ ئەوەی وڵاخەکانی تیادا نەچەقێ مەولەوی لە تابلۆە خەیالی‌یەکانی‌دا بەردەوام دەبێت‌و هەتا دێت ئەم خەیاڵەی خەستر و ئاڵۆزتر دەبێت شێوەی خەم‌و پەژارەکەی تا دێت زیاتر سەر شانی قورس دەکات وەبەشێوەیەکی ورتر باسی ئەم کاروانەمان بۆ دەکات‌و دەڵێت :

ئەمجار وەسۆژەن موژەی جۆش وەردەم
سەر نووك قەڵەم ئاخ سۆراخ کەردەم
وەبەند دووباد مەینەت جگەر
بووراز تای جەواڵان یەکسەر
قەیاسەی قایش پۆسەکەی جەستەم
هەڵقەی چەڵەمە پێشە شکستەم
رەگ تەن تاڵی تاڵ وەردەی تەنگ
بفەرمان یاران باران بدان تەنگ
زەنگ دڵەی تەنگ زایەڵەی صەد رەنگ
پێکیای ئای دەرد رِیشەی خەم گوڵە نگ

شاعیرانی کلاسیکی ، برژانگیان دەچوواند بەتیرو لە مەیدانی خۆشەویستی‌دا دەیان هاویشت ، بەڵام مەولەوی بەپێچەوانەی ئەمانەوە خۆی لەم جۆرە چواندنانە نەداوە بەمە خۆی دوور خستووەتەوە لە رێچەکەی ئەدەبی کلاسیکی لە سەر رێرەوی رێبازی رۆمانتیکی رۆشتووە مەولەوی لێرەدا هاتووە برژانگی چواندووە بەسوژن لەجیاتی

ئەوەی وەك شتێکی ترسێنەرێ ئەدەبی کلاسیکی بەکاری بهێنێت‌و بیکات بەتیر نیشانی دڵی ، هاتووە بەخەیاڵێکی وورد وەك ئامرازێك بۆ دروونی جەواڵی دەردو مەینەتی‌یەکەی دڵی بەکاری هێناوە •

ئەم ئازارو مەینەتی‌یەش بەجۆرێ دڵی باریك کردووەتەوە کە لە باریکیدا بیکات بەتیرە بۆ ئەو سووژنە ، وەلە ئێسقانی پڕ مەینەتی ، چەڵەمە لە دەماری‌تال درواى بەندی دوو باد لە دڵی پڕ لە پەژارەی‌و زەنگ لە ریشەی خەم گوڵەنگ بۆ پێشەنگی ئەو[1] کاروانە دروست بکات •

دەتوانین لێرەدا گوزارشتی ئەم شیعرەی مەولەوی بگەرێنیەوە بۆ ئەو چەرخ‌و سەردەمەی کە ئەم جۆرە شتانەیان لە مێشك مەولەوی‌دا جێ‌کردووەتەوە ، کاروانێکی وا بەو جۆرە پڕ لە دەردو ئازارە دیارە ئەمەش تەنها کاروباری کۆمەڵایەتی ئەم‌شتانەی بەمەولەوی فێر کردووە لە ناو جەرگەی کۆمەڵگای کوردەواریەوە ئەم گوزارشتانەی هەڵینجاوە، سروشت‌و دیمەنی ناوچەی هەورامان ، پەپولەی پڕ لە سۆزو ئەندێشەی داوێنی‌یە شەقەی باڵ‌وبەباڵی خەباڵدا فڕیووە • ئەم هۆنراوەی مەولەوی هەر ئەوە نی‌یە کە تەنها بەشێوەیەکی ساکارانە بەهۆی ئەو سۆزو ئەندێشەوە بدرێتە پاڵ ئەدەبی رۆمانتیکی ، کە بەشێوەیەکی خەباڵی ورد ئەم وێنەو تابلۆیانەی دروست کردووە بێ ئەوەی بەم تاقی‌کردنەوەی ژیانەدا تێپەربێت ، بەڵکو دەتوانین ئەم شیعرە پڕ سۆزو ماتەمی‌یەی بگەرێنینەوە بۆموعاناتی شاعیر لە ژیاندا کە جۆرەها تەنگ‌و چەڵەمەو مەینەتی هاتووەتە رێگای ژیانی ئەویش

---

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی ، علاءالدین سجادی چاپی دووەم ، چاپخانەی مەعاریف ١٩٧٠ز •

بەهۆی باری ناهەمواری کۆمەڵو رێك نەکەوتنی بیرو باوەری شاعیر لە گەڵیاندا ، لە ئەنجامدا ئاواتو هیوای شاعیر وەك بەفری سەر چیایەکان تواوەتەوە ، چونکە بەهۆی ئەو سۆزو هەستەی کە لە شیعرەکەدا هەیە ، هەروەها لە وردی گوزارشتەکانەوە دەردەکەوێت کە مەولەوی بەتەواوەتی ئاوێتەی ژیانی ناوچەکەی بووە ، هەر ئەم ئازارو ئەشکەبخانە بووەتە هۆی چەوسانەوەی شاعیرو تووشی رەشبینیو نائومێدی کردووە لە ژیاندا بەرێگای سۆفیەتیدا بردوویەتی بەشێوەیەکی بێ پەروا تەماشای ژیانی کردووە • باسی ئەم کاروانە بەم شێوە پڕ لە ئازارو مەینەتی‌یە رەنگە وێنەیەکی زیندوی کاتی فەقێتی بوو بێت بەهۆی گەڕان بە ناوچەکانی کوردستاندا بۆخوێندن ، هاورێتی کاروانێکی زۆری کردبێت لەم کاروانەدا گەلێ ئازارو ناخۆشی بینیوە وەیاخود بە هۆی چەوسانەوەی دەروونی‌یەوە دەست تێوە ژەندنی مەعنەویاتی تەریقەتەوە کە ئەمە بۆ ئەو جۆرە کەسانە کە بەراستی ئەو رێگایە دەگرنە بەر دەبێت ئازارو ئەشکەنجەی خۆیان بدەن پێویستە زیاتر ریازەتی رووحی تیادا بکەن • ئەمەش شتێکی وەهاسان نی‌یە کە هەموو مرۆڤێك بتوانێت پێی هەستێت •

لەلایەن زمانی ئەدەبی‌یەوە: مەولەوی هەر ئەو وشە سادەو ساکارانەی ناوچەکەی خۆی وەرگرتووە ، بەڵام بەشێوەیەکی هونەرمەندانە داپڕشتووە ، گوزارشتێکی پوختەی لێ داوەتەوە ، ئاوازو مۆسیقایەکی سازکارو بەتیسنی پێ بەخشیووە ، مەولەوی لەم کاروانە دوورو درێژەدا ماندوو بوون شەکەتی لێدەبڕێتو هەناسەی سوار دەبێتو خەمو مەینەتی‌یەکەی تادێت خەسترو ئاڵۆزتر دەبێت بۆیە لەم چەند دێرەی خوارەوە بۆنی ئەو چەرە دووکەڵە لە سینگی‌یەوە سەر دەکاتو گڕەی

بڵێسەی دەروونی پروەزی لێبریووە بۆیە دەڵێت :

قـەیاسەی قایـــش پۆسەکەی جەستـەم
خەلقـــەی چەڵەمـەی پیشـەی شکستەم
رەگ تـەن نالـێ تاڵ وەردەی سێوەنگ
بفرمـــان یـــاران ، باران بـدەن تەنـگ

جۆری قەیاسەو پۆس چووتە لەشی ئەوەوە ، چ شتێـك هـــەیە که تاڵ درابێو تاڵ بدرێ گشتـــی لـــە ناو دەمەرەکانـــی ئـــەم دا ـ کۆبوونەتەوە . ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کـــە مەولـــەوی بـــەم وردەکاریە ، وەك هونەرمەنێکی شارەزا شیعـرەکانی بـووەتە ئاوێنـەی ژیانی خۆیو کۆمەلەکەی لەو سەردەمــــــەدا جگە لەوی کە لایەنێکـی رۆماتیکـی پیشـان داوە بەهـۆی ئەو سـۆزو ئەندێشـەوە کـــە دووری خستووتەوە لە ئەدەبیاتی کلاسیکـیو گرتنـی رێبازێکی نوێ لە ئەدەبدا ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێن مەولەوی بەو هەموو خەیاڵو سۆزو ئەندێشەی کە لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت پێش سەردەمەکـەی خۆی کەوتووە ، هەر بۆیشە لەم بارەیەوە بەسەر ئامادانی شاعیرانی کورد دەژمێرێت بەتایبەتی لە وێنەو تابلۆ کێشانی سروشتو دیمەنـەکانـــی کوردستاندا ، بەشێوەیەکی واقیعی ئەو جوانیەی کـــە لە ســروشتـــی ناوچەکەیدا هەستی پێکردووە بەخەیالێکی نازكو هونەرمەندانە لە قالبێکی شیعری رێكو پێکدا دەریڕیوە ، ئەمەش بەپێچەوانەی شاعیرانی کلاسیکی کــوردیەوە ، کە بە شێوەیەکی وشكو بێهەستباسی سروشتیان ـ کردووە بەتایبەتـی لەغەزەلەکانیاندا ، لە پێناوی وەسف کردنی قســەدو بالای خۆشەویستەکانیان .

زۆر جار ناچاریانی کردووە هەندێ وێنەو دیمەنی سروشت وەربگرن

وەك كەرەسەیەكی خواستەمەنی بۆ تەواوكردنی گــــوزارەی پارچە غەزەلەكەیان بێ ئەوەی بەتەواوی لە نهێنــیو جوانی سروشت بگــەنو دیمەنو تابلۆی گەش گەشی تیادا دەست نیشان بكــەن ئــەو تابلــۆ ئیستاتیكانەی ئەمسروشتە وەك سەرچاوەیەكی روونی بێ گەرد رەنــگ بداتەوە لە بەرهەمەكانیاندا .

مەولەوی ، كە سروشتی وەرگرتووە وەك بەشێكی گەشــی ژیان مامەڵەی لەگەل كردووە ، بەشێوەیەكــی هێمنو لەسەرخۆ وێنەو تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگی ئەم سروشتە پیرۆزەی كێشاوە ، هەستو نەستــی خۆی ئاوێتەیان كردووە ، بە جۆرێك وەسفی ئەم دیمەنانەی سروشتی كــردووە كەوا لە هەموو كوردێكی نیشتمان پەروەر بكـــات باوشــی بۆ بكاتەوە ببێتە بەشێكی گرنگ لە ژیانی دا .

مەولەوی ، هیچ شتێكی نەهێشتووەتەوە كە وەسفی نەكردبێت هەر لە چـوار وەرزی ســاڵەوە تا خــوو رەوشتو نەریتــی كوردەواری لە شایو زەماوەندو ئازێتیو موناسەباتــی دیكە ، بەتایبەتــی لەشیعری موناسەباتدا مەولەوی بەكەلە شاعیری ئەم لایەنە دەژمێرێــت بــە زۆری بەرهەمەمیەوە لەم مەیدانەدا . لەوەسفی كردنی شایو زەماوەنــد مەگەر تەنها خەیاڵی رۆمانتیكی مەولەوی توانیوێتی گوزارشتێكی پــڕ بەپڕی خۆی لێ بداتەوە ، بەڕادەیەك ئەوەی لە شایەكەشدا بووە وەك ئەم شیعرەی مەولەوی سەرنجی رانەكێشاوە ، ئەمەش بەمەرجێك مــەولەوی خۆی بەشداری ئەو شاییو زەماوەندەی نەكردووە ، تەنها كامیرای خەیاڵی ئەم هەموو دیمەنو تابلۆی زەماوەندەی لە مێشكیدا دروست كــردووە كە بەووشەی تەڕو پاراو گوزارشتی لێ داوەتەوەو دەڵێت :

نامەی نەفتینت یەك ڕۆ باد ئـــاوەرد
گلپـەی بلێسـەی کـورەم زیاد کـەرد
دەلالات جۆشـۆ چـۆن ڕۆی ئازادی
گـەرمەی گەرم نـەزم بەزم پـڕ شـادی
صەدای (لاو هـەی لاو) زڕەی زەڕ زنجیر
سلسلـەو بانـی سەر بەنـد زرێو لاگیـر
زیلـەی گـوارەو زرنگـەی زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی نـەو نەمام ، لـەرەی لیمۆی تەر[1]
شەقەو تەقەی گەرم ، چەپڵەو چیڵـەی نەرم
چریکـەی وەنـاز ، تریکـەی وەشـەرەم
وەلیمـۆی ئالای کـالای بـالای شەنـگ
قرچـەو چۆقەی جەرگ ، دڵ وەخەمان تەنگ
خەمیـاو چەمیـای نـاز نیمچـە کناجـان
دەنـگ هەی شاباش نەوجوان واچـان[2]

لاو هەی لاو : گۆرانیێکی کۆنە لە سەر ئاوازی هەڵ پەرین •
زەڕ زنجیر : زنجیری ئاڵتوون کە ئافرەتان ئەیدەن لە خۆیان •
سلسلـە : خشڵێکە ژنان دەیدەن لە بەر شەدە •

(١) دیوانی مەولەوی ، مەلا عبدالکریمی مـدرس ، چاپخانەی معارف ١٩٦٠ ل ٤٤١ •

(٢) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی ، لـە وەلامی پارچە شیعرەکەی ئەحمەد بەگی کۆماسیدا نووسیـوە بۆمـەولەوی داخو حەسرەتی پیشان داوە کـە بەشداری ئەو شاییەی نەکردوە •

مەولەوی سەرەتای شیعرەکەی بەشێوەیەك دەست پێ کردووە لە وەڵامی ئەو نامەیەی کە خالۆی کۆماسی بۆی نارد بوو باسی ئەو شایی‌یەی تیادا کرد بوو کە مەولەوی تیادا نەبووە • نامەکەی کۆماسی ئەوەندە بە تاسیر بووە لە لای مەولەوی ، بووەتە نەوت و رژاوە بەسەر دڵ و دەروونی‌دا بڵێسەی ئاگری دەروونی زیاتر کردووە ، ڕۆژانی رابووردوی هێناوەتەوە یادی ، خالۆی کۆماسی بەشێوەیەك ئەم شایی‌یەی بۆ مەولەوی وەسەف کردووە وەك ڕۆژانی چەژن و گەردن ئازایی هاتووەتە پێش چاوی مەونەوی ، ئەمەش یەکێکە لە خاسێتی ئەدەبی ڕۆمانتیکی کە شاعیر ڕۆژانی خۆش و شادی کە ژیان باوشی بۆ کردووەتەوە بەخەیاڵ دەیهێنێتەوە بەرچاوی •

لەم پارچە شیعرەدا مەولەوی وەسفێکی ڕۆمانتیکی وردی ئەو شایی‌یەی کردووە ، بێ‌ئەوەی چاوی پێ کەوتبێت ، تەنها وێنەو تابلۆی

بانی سەر : پێنج لیرە یان پێنج قرانی کە ژنان ئەیان درووی بە ناوەراستی کلاودا •

بەندزری : هۆنراوەیەکی زیوە شەدی پێ قایم دەکرێ •

لاگیرە : هۆنراوەیەکی دیکەی زیوە تاکە تارانی پیاکراوە ژنان ئەیدەن لەم لاو لەولای کلاو زەر یا سەر پێنج •

زیلە : زرە ، زەنگلە ، زری و لیدانەی بەربوونەتەوە بەگوی زێرینی سەر سوخمەوە •

پۆیلە : ملەوانی مووروو شیلان و کارەبا •

چیلە : پێکەنین چریکە : ئاوازی بەرزی مەقام وتن[٢] •

---

(١) دیوانی مەولەوی ، مەلا عەبدلکەریمی مدرس چاپخانەی مەعاریف بەغدا ١٩٦٠ز •

خەیاڵی ئەو شاییانەی هێناوەتەوە بەر چاوی لە مێشکیدا نەخشەی کێشاوە ، کە لەتەمەنی لاوێتیدا بینیویەتی ، لەم پارچە شیعرەدا مەولەوی بەشێوەیەکی میساڵی باسی ئەو شاییەی کردووە ، ئەم بابەتە میسالیەش بەجوانی ئاوێتەی شتە هەست پێکراوەکانی کردووە ئەویش جۆری ئەو هەلپەرکێو خشڵو زێرانەیە کە ئافرەتان لە شاییدا دەیدەن لە خۆیان، لێرەدا مەولەوی وەك شاعیرانی کلاسیکی نەهاتووە وەسفی ئەم شتانە بە شێوەیەکی سەرپێیی باس بکات بەلکو بەشێوەیەکی زیندوی پڕ لە سۆزو ئەندیشە وێنەو تابلۆی گەش گەشی کۆمەڵێك لە خوورەوشتو عادەتی کۆمەڵگای کوردەواری کێشاوە ، بە جۆرێك شۆڕبووەتەوە ناو ژیانی کۆمەڵی کوردەواری تا وەك وردترین شتی پێکاوە لە روخسارێکی جوانو قەشەنگدا گوزارشتی لە وشەکانی داوەتەوە ، ئەگینا نەی دەتووانی بەو شێوەیە ئەو هەموو خشڵو زیوو زێرەی کە ئافرەتانی کورد لە خۆیانی دەدەن بەو جۆرە باسی بکات • لێرەدا مەولەوی وەك شارەزایەکی پسپۆڕی سەردەمەکەی خۆی شارەزاییەکی باشی هەبووە لە کەلپورو سامانی میللی ، ئەمەش لە باس کردنی ئەو هەموو شتەدا دەردەکەوێت ، کە لە شیعرەکەدا وەك زانایەکی کەلەپوور زان یەك لە دوای یەك ریزیانی کردووە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی شاعیرو تێکەل بوونی بەو بەوشاییو ئاهەنگانەی کە لە کۆمەلەکەیدا بەستراوە • یەکێك لە گرنگی ئەم پارچەیە ئەوەیە کە لە پاڵ ئەو وەسفە نازكو قەشەنگە رۆمانتیکییە ، کۆمەڵێك سامانو کەلەتووری میللیشی لەم شیعرەدا پیشان داوە ، بێ گومان ئەمەش زیاتر رەسەنایەتیو نەمری بەخشیووە بەپارچە شیعرەکە چونکە لە ناو جەرگەی کۆمەلەکەیەوە هەلقولاوە •

مەولەوی بەجۆرێ گوزارشتی لەم پارچە شیعرە داوەتەوە کە هەموو لایەنێکی ئیستاتیکی بەگەشیو جوانی پیشان داوە ، ئەمەش بەهۆی ئەو ئاوازو سۆزەوە کە لە ووشەکاندا سازی داوە ، بەشێوەیەکی تەڕو پاراو رێکیانی خستووە وەك بڵێت ئەو ئاوازو مۆسیقایەی هەڵپەرکێکە ئەم لە رێگای وشەکانی ناو دێری شیعرەکەوە دروستی کردووە ، وەك فیلمێکی سینەمایی خستوویەتیە بەرچاومان بەمەرجێ ئەوەی لە شایەکەدا بووە بەم شێوەیەی مەولەوی هەستی پێ نەکردووە هەروەها وەك ئەم شیعرەی مەولەوی سەرنجی رانەکێشاوە ، چونکە تەماشا کەران بەشێوەیەکی سەر پێی دەروانە شاییەکە هەر یەکە ئامانجێکی تایبەتی خۆی تیادا هەیە ، جگە لەوە لە هیچ شتێکی دیکەی ناو شاییەکە ورد نابێتەوە وەك بڵێت پەیوەندی بەوەوە نەبێت ، بەلام شاعیرو نووسەر لە وردترین شتەوە تا دەگاتە درشتەکان بە شێوەیەکی دووربینو هونەرمەندانە وێنەیان دەکێشێت وەك ئەم وردەکارییەی(١) مەولەوی کە لەم دوو دێرەی خوارەوەدا دەریبڕیووەو دەڵێت :

زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەر
لەرزەی نەو نەمام لەرەی لیمۆی تەر

که جوانترین تەعبیرو لێکدانەوەی هونەری ئیستاتیکی پیشان داوە لە ناو هێنانی وشەی (لیمۆی تەڕ) دا کە مەمکی کچانە ، شاعیر بە جۆرێك گوزارشتی لێداوەتەوە لەوانەیە یەکێکی بەساڵە چووش دا لە ناو دێری هۆنراوەکەدا هەستێکی گەنجایەتی بێت بەلەشیدا ، هەست

---

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی ، علاءالدین سجادی چاپی دووەم ، چاپخانەی مەعاریف ١٩٧٠ز ٠

بەئارەزو تەمەنی گەنجایەتی بەسەر چووی خۆی بکات .

ئەم وەسفەی مەولەوی کە بەم شێوە رۆمانتیکی‌یە پڕ سۆزو ئەندێشەیە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ئازاد بوونی شاعیر لە پەیڕەوی ئەدەبی کلاسیکی‌و خۆ نە بەستنەوە بەکێش‌و قافیەو وشەکاری‌یەوە ، ئەمەش یارمەتی داوە کە زیاتر پارسەنگی قورسایی شیعرەکانی بخاتە سەر گوزارشت‌و بەکارهێنانی وشە تەنها بۆ دەربڕینی ئەم گوزارشتانە ئەگەر ئەم سەرەتا رۆمانتیکی‌یە لە شیعری شێوەی گۆران‌دا بەدی بکرێت بەتایبەتی لە شیعرەکانی مەولەوی‌دا وەك پیشانمان‌دا لە باسی سروشت‌دا ئەوە بەهۆی کارتێکردنی سروشتی ناوچەکەوە وەك لە سەرەتاوە باسمان کرد . ئەوە ئەم دیمەنە رۆمانتیکی‌یە بەشێوەیەکی فراوان لە دیمەتێکی تازەی رۆمانتیکی‌دا لە سەدەی بیستەم‌دا هاتە ناو ئەدەبی کوردی‌یەوە بەهۆی ئەو کۆمەڵە شاعیرو روشنبیرانەوە کە شارەزایی رۆشنبرێتی ئەوروپی ببوون لە رێگای زمان‌و ئەدەبیاتی تورکی‌یەوە وەك د. عزالدين مصطفى رسول دەڵێت ( ئەو کۆمەڵە رۆشنبیرە لە قوتابخانە تۆیەکان خوێندبوویان ئاسۆی بیریان فراوان تر بوو ، بە شێوەیەکی نوێ دەیان روانی‌یە مەسەڵەی نەتەوایەتی کورد ، ئەدەبەکەیان دەنگی ئازادی خوازی نەتەوەی کوردیان بەرز دەکردەوە[1]) ئەم بزوتنەوە ئەدەبی‌یە تازەیە لەو سەردەمەدا بووەتە هۆی کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبی‌یەکان .

---

(١) الواقعيه في الادب الكردی . د. عزالدين مصطفى رسول ، بيروت .

## ـ ســـــــەرچاوەکان ـ


١ ـ الروما نتيكيه محمد غنيمى هلال ، ١٩٧٣ ، بيروت ٠

٢ ـ كشف المضامين البرجوازية في الشعر ، محسن جاسم الموسوى ١٩٧٢٠

٣ ـ اشهر المذاهب المسرحية ونماذج من اشهر المسرحيات ، درينى ، خشبه ، بيروت ٠

٤ ـ الادب المقارن ، محمد غنيمى هلال ، الطبعه الخامسه ، دار العوده ، بيروت ٠

٥ ـ النقد الادبى ، احمد امين ، ١٩٦٧ ، بيروت ٠

٦ ـ الادب ومذاهبه من الكلاسيكيه الاغريقيه الى الواقعيه الاشتراكيه، محمد مفيد الشوباشى ١٩٧٠ ٠

٧ ـ فكرة الجمال ج ٢ ، هيگل ، بيروت ٠

٨ ـ المذاهب الادبيه الكبرى في فرنسا ، فيلب فان تيغم ، ترجمة فريد انطونيوين ٠

٩ ـ الادب والفن في ضوء الواقعيه ، جون فريفيل ، ترجمة محمد مفيد شوباش ٠

١٠ـ الادب وفنونه ، محمد مندور ٠

١١ـ النقد الادبى الحديث ، محمد غنيمى هلال ١٩٧٣ ، بيروت ٠

١٢ـ الواقعيه في الادب الكردى ، عزالدين مصطفى رسول ، بيروت ٠

١٣ـ قصائد مختاره من الشعر التركى المعاصر ، ترجمة عبداللطيف بندر اوغلو ١٩٧٨ ٠

١٤ـ نظرية الادب ، منشورات وزارة الثقافه والاعلام ، ١٩٨٠ .

١٥ـ قلعة اكسل ، ادمون ولسون ، ترجمه جبرا ابراهيم جبرا .

١٦ـ المسرحيه في الادب الانجليزي ، الارديس نيكول ، ترجمة يوسف عبدالمسيح.

١٧ـ دراسات في الواقعيه ، جورج لوكاتش ، ترجمة نايف بلوز ١٩٧٢ .

١٨ـ التصور والخيال ، ر.ل.بريت ، ترجمة د. عبدالواحد لؤلؤة .

١٩ـ الرومانس ، جلن بير ، ترجمة د. عبدالواحد لؤلؤة .

٢٠ـ نظرية الدراما من ارسطو الى الآن ، د. رشاد رشدى ، بيروت .

٢١ـ عبدالله گۆران شعر الشاعر الكردى المعاصر ، حسين على شانوف ، ترجمة شكور مصطفى ١٩٧٥ .

٢٢ـ كوردستان له سالآنى جەنگى جيهانى يەكەمدا ، گۆڤارى كۆرى زانيارى‌كورد ژماره (٢) بەشى يەكەم ، ١٩٧٤ .

٢٣ـ مێژووى ئەدەبى كوردى ، عەلادين سجادى ، ١٩٧١،چاپخانەى معارف

٢٤ـ ئەدەبى كوردىو لێكولينەوه له ئەدەبى كوردى ، عەلادين سجادى ١٩٦٨ .

٢٥ـ نرخ شناسى ، عەلادين سجادى ، ١٩٧٠ چاپخانەى معارف بەغدا.

٢٧ـ كاروانى شيعرى نوێى كوردى، كاكەى فەلاخ ، بەرگى يەكەم ١٩٧٨.

٢٧ـ پيره مێردى نەمر ، محەمەد رەسول هاوار ، ١٩٧٠ چاپخانەى العانى بغداد .

٢٩ـ دەقەكانى ئەدەبى كوردى ، عەلادين سجادى ، ١٩٧٨ ، كۆرى زانيارى كورد .

٢٩ـ شيعرى كوردى ، ژيان بەرهەمى شاعيرانى ، بەشى يەكەم ،

عزالدین مصطفی رسول ۰
۳۰ــ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، رەفیق حیلمی ، بەرگی دووەم ۱۹۵٦ ۰
۳۱ــ دیوانی مەولەوی ،مەلا عەبدلکەریم مدرس ،۱۹٦۰ چاپخانەی مەعارف ۰
۳۲ــ دیوانی نالی ، مەلا عەبدلکەریم مدرس ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ۰
۳۳ــ بەهەشتو یادگار نرمێسکو هونەر ، ۱۹۷۰ چاپخانەی کامەرانی ، سلێمانی ۰
۳٤ــ سروشتو دەروون ، چاپخانە کامەرانی سلێمانی ، ۱۹٦۸ ۰
۳۵ــ دیوانی دلدار ، چاپخانەی کوردستان ، چاپی یەکەم ، هەولێر ۰
۳٦ــ رازی تەنیایی ، چاپخانەی شفیق ۱۹۵۷ بەغدا ۰
۳۷ــ مەمو زین ، چاپخانەی هەولێر ،۱۹٦۸ ۰
۳۸ــ زمانو ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی چوارو شەشی ئامادەیی ۰
۳۹ــ چیرۆکی هونەری کوردی ، حسین عارف ، دەزگای رۆشنبیرو بلاوکردنەوی کوردی ۱۹۷۷ ۰
٤۰ــ لێکولینەوەو بیبلیوگرافی چیرۆکی کوردی ، عومەر مەعروف بەرزنجی ۱۹۷۸ ۰
٤۱ــ ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ، صباح غالب ، دەزگای رۆشنبیری ی کوردی ۱۹۸۰ ۰
٤۲ــ کۆمەلە چیرۆکی شەهیدانی قەلای دم دم ،مستەفا سالح کەریم ۱۹۵۷ ۰
٤۳ــ هەوری ، دلداری و پەیمان پەروەری ، چاپخانەی کامەرانی ۱۹۷۱ ۰
٤٤ــ الثقافه الجدیده ، العدد (۹) ۱۹٦۸ ۰
٤۵ــ گوڤاری کولیجی ئاداب بەرهەمی بەشی کوردی ژمارە (۱۵ــ۱٦ ، ۲۰ــ۲۱) ۰

٤٦ـ گۆڤاری دەفتەری کوردەواری ، ژمارە (٢) مارت و نیسانی ١٩٧٠ .
٤٧ـ گۆڤاری بەیان (٢) شوباتی ١٩٧٠ ، ژمارە (٦١)ی نیسانی ١٩٨٠.
٤٨ـ گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٧٤) حوزەیرانی ١٩٧٨ .
٤٩ـ گۆڤاری نووسەری کورد ، ژمارە (٩)ی ئابی ١٩٧٣ ، ژمارە(١)ی، ئایاری ١٩٧٩ ، ژمارە (٦)ی شوباتی ١٩٨١ .
٥٠ـ دەنگی گیتی تازە ، ژمارە (٥) ١٩٤٤ .
٥١ـ گۆڤاری روناکی ، ژمارە ، ٧ـ ٩ ـ ١١ ، ١٩٣٦ .
٥٢ـ گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارەکانی ، (٤ ، ٢٢ ، ١١ ، ١٠ ، ٥) .

## ـ نـاوەرۆك ـ


پیشەکی
بەشی / یەکەم
ئەدەبی رۆمانتیکی ئەورووپی :
سەرهەڵدانی رێبازی رۆمانتیکی لە ئەورووپادا
بەراوردێك لە نێوان ئەدەبی کلاسیکیو رۆمانتیکیدا
هونەری شیعر لە لای رۆمانتیکی یەکان
شانۆگەری لە ئەدەبی رۆمانتیکیدا
خەون خەیاڵ لە ئەدەبی رۆمانتیکیدا
لایەنی سروشتو خۆشەویستی
بەشـی دووەم
رێبازی رۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا:
باری کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسـی کـورد لەجەنگی جیهانـی یەکەمدا
سەرهەڵدانی رێبازی رۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا
بەشـی سێیـەم
ئەدەبیاتی شێوەی گۆران :
مـەولـەوی
بەشـی چوارەم
کێشەی نێوان قوتابخانە ئەدەبی یە کوردی یەکان

بەشی پێنچەم

★ روخسارو ناوەرۆك لە شیعری کوردیدا

بەشی شەشەم

★ زمانی ئەدەبی

بەشی حەوتەم

★ بەرهەمی شاعیرانی سەر یەرێبازی رۆمانتیك :

★ پیرە مێرد

★ گۆران

★ دلدار

★ هەردی

★ بەختیار زێوەر

بەشی هەشتەم

★ رێبازی رۆمانتیك لە چیرۆکی کوردیدا

کتێبخانەی گشتی ی سلێمانی
ژمارە: ١٩٩
بەروار / /

رقم الايداع فی المکتبة الوطنیة

بغداد ( ٦٩٨ ) لسنة ١٩٨٩

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل ( ٢٣٤ )

# الاتجاه الرومانتيكي في الأدب الكردي

خورشيد رشيد احمد

١٠

مطبعة الجاحظ - بغداد
السعر ٥٠٠ر٣ دينار